# کوردستان

ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

دووشەممە ١٦ی خەرمانانی ١٣٩٤ _ ٧ی سێپتامبری ٢٠١٥

ژمارە: ٦٦٣

www.kurdistanukurd.com


## سەرکۆماری ئوتریش: لە سەردانم بۆ ئێران، پەروەندەی مافی مرۆڤ دێنمە بەرباس!



هاینزفیشێر، سەرکۆماری ئوتریش ڕایگەیاند لە سەفەرەکەیدا بۆ ئێران، مەسەلەی مافی مرۆڤ لەو وڵاتە و بەتایبەت مەسەلەی ئێعدامەکان لەگەڵ بەرپرسانی ئێرانی باس دەکا.

سەرکۆماری ئوتریش یەکەمین سەرکۆماری ڕۆژاواییە کە دوای زیاتر بە یەک دەیە سەردانی ئێران دەکا. سەرکۆماری پێشووی ئوتریش، دوایین سەرکۆماری وڵاتێکی ڕۆژاوایی بوو کە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا سەفەری ئێرانی کردبوو.

فیشێر بڕیارە ٧ تا ٩ی سپتامبر سەردانەکەی بکا و لەگەڵ حەسەن روحانی سەرکۆمار و محەمەدجەوادی زەریف، وەزیری دەرەوەی ئێران دیدار و وتووێژ بکا.

ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان لە بارەی پەروەندەی ئێران لە بواری مافی مرۆڤەوە ڕایگەیاندوە، کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر حوکمی ئێعدام لە ساڵی رابردوودا لە ئێران بەڕێوەچووە و ڕێژیمی ئێران بە بەڵێنەکانی لە پێوەندی لەگەڵ پاراستنی مافەکانی نەتەوە جۆراوجۆرەکان لە ئێران پابەند نەبووە.

# هەناسەی پێشمەرگە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەبووژێنێتەوە



لە درێژەی چالاکییەکانی ساڵانی ڕابردوو و لە ڕاستای بردنە پێشی سیاسەت و بەرنامەی ڕۆژهەڵاتتەوەرانە دا، پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەمساڵ و لە ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دیموکرات دا، خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بە دیداری خۆیان گەشاندەوە.

پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئەمساڵ هەر لە مانگی جۆزەردانەوە، شانبەشانی جێگیر بوون لە ناوچە کوێستانی و سنوورییەکانی ڕۆژهەڵات و هەرێمی کوردستان، لە قووڵایی چەندین ناوچەی ڕۆژهەڵات ئامادە بوون و لە نزیکەوە لە گەڵ خەڵکی پێشمەرگەپەروەری کوردستان، دیداریان نوێ کردەوە.

تێکۆشان وچالاکیی سیاسی دەستەکانی کادر و پێشمەرگەی حیزب و دیدارنوێکردنەوەیان لە گەڵ پشتیوانانی هەمیشەیی خۆیان، ئەگەر لە لایەکەوە بووە هۆی شادیی لە ڕادەبەدەری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایەکی دیکە بووە هۆی ترس و وەحشەتی هێزە سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامی و دەستوپێوەندە خۆفرۆشەکانیان. بە تایبەتی دوای ئەوەی پێشمەرگەکانی حیزب، لە ١٠ی خەرمانان لە سیسێری ناوچەی ڕەبەت، پەلاماری جاش و پاسدارەکان بۆ سەر خۆیان بە توندی تێک شکاند.

هاوکاری و هاوبەشیی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گەڵ دەستەکانی پێشمەرگە و پێشوازی و پشتیوانیی بێدریغی خەڵکی ناوچەکانی شنۆ، نەغەدە، پیرانشار، سەردەشت، ڕەبەت، بانە، مەریوان، مەهاباد و هەورامان لە ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان، هێزی پێشمەرگەی لە زەبر و پیلانەکانی دوژمن، پاراست و جارێکی دیکە پتەویی پێوەندیی نێوان خەڵک و پێشمەرگەی سەلماندەوە.خەڵکی ناوچە جیاوازەکانی کوردستان لە دیدار لە گەڵ تێکۆشەرانی دیموکرات دا، داوای بەردەوامی ومانەوەی ڕۆڵە پێشمەرگەکانیان لە باوەشی خۆیان دا کردوە و هەناسەی پێشمەرگە لە سەر خاکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بە زیندووکەرەوەی خۆیان ناو بردوە.

## ڕاگەیاندراو سەبارەت بە بەڕێوەچوونی پلینۆمی سێزدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی

لە ڕۆژەکانی ٢٩ و ٣٠ ی ئاگوستی ٢٠١٥ی زایینی، کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان سێزدەهەمین پلینۆمی خۆی بە بەشداری ئەندامان و جێگران و ڕاوێژکارانی ڕێبەریی حیزب بەڕێوە برد.

پلینۆم سەرەتا بە ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان دەستووری کاری پلینۆم پاش باس و تاوتوێ کردن بە پەسند گەیشت.

لە بڕگەی یەکەمی کارەکانی پلینۆمدا ڕاپۆرتی سیاسیی هاوڕێ خالید عەزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان پێشکەش کرا. ئەو ڕاپۆرتە کە بۆ باس لە دوایین ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی نێوان دوو پلینۆم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ناوچەیی و نێوخۆیی و پرسی کورد و بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو نێوەدا تەرخان کرابوو، پاش باس و تاوتوێ کردن بە پەسندی پلینۆمی کۆمیتەی ناوەندی گەیشت.

خاڵە جەوهەرییەکانی ئەم ڕاپۆرتە پێوەندییان بە کێشە و کەموکوڕییەکانی ستراتژیی نێودەوڵەتی لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ قەیرانی ئەمنیەتی لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەتایبەتی پاش سەرهەڵدانی داعش، کارەساتی مرۆیی سەرچاوەگرتوو لەم قەیرانە و شوێنەواردانانی لەسەر ناوەرۆکی دەستووری کاری سیاسیی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە مامەڵە لەگەڵ ئەم ناوچەیەدا، ڕێککەوتنی ناوکی لەنێوان ئێران و وڵاتانی ١+٥ و کاریگەرییەکانی ئەم ڕێککەوتنە لەسەر بوارەکانی تری سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەتایبەتی لە ناوچەدا و هەروەها لەسەر پرۆسەی سیاسیی نێوخۆیی وڵاتەوە هەبوو.

هەر لە چوارچێوەی ڕاپۆرتی سیاسیی پلینۆمدا بەشێوەیەکی تایبەتی سەرنج درابووە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی ئێران و ڕەوتە مەترەحەکانی نێو ئەم پرۆسەیە و ئەگەر و دەرفەتی ئەوە کە سەرباری نەبوونی بەستێنی بەڕێوە چوونی هەڵبژاردنێکی سالم و دێموکڕاتیک لەژێر حاکمییەتی کۆماری ئیسلامیدا، یارمەتی بەوە بکرێ کە کورد ئەم مەوعیدە سیاسییە وەک دەرفەتێکی دیکە بۆ هێنانەوە گۆڕ و زەقکردنەوەی پرسی خۆیان بەکار بێنێ، تاوتوێ کرا و لەسەر پێویستی بەدواداچوونی وردی ئەم پرسە جەخت کرایەوە.

لە بەشێکی دیکەی ڕاپۆرتی سیاسییدا بارودۆخی پارچەکانی کوردستان و لەنێو واندا بەتایبەتی قەیرانی سیاسی و دەستووریی ئێستای هەرێمی کوردستان و هیوا و چاوەڕوانیی دەرچوونی یەکگرتووانەی سەرکردایەتی و دامەزراوە سیاسییەکانی هەرێم لەو قەیرانە و هەروەها مەسەلەی دەستپێکردنەوەی شەڕ لە باکووری کوردستان و ئاکامە زیانبەخشەکانی ئەم دەورە نوێیە لە گرژی بۆ شانسەکانی بردنە پێش و چارەسەری پرسی کورد لە تورکیە کەوتنە بەرباس.

ل ٣




کوشتاری زیندانیانی سیاسی پەڵەیەک بە نێوچاوانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە

٣



بزوتنەوەی کورد و مافی ژن

٤



بۆم نەبوو لەگەڵ دایکم بە کوردی بدوێم

٥



لاپەڕەی نوێ

٦



چما شەڕ؟

١٠


## لە حەوتووی رابردوودا زیاتر لە ٢١ هەزار پەناخواز چوونەتە ئاڵمان

لە حاڵێکدا زۆربەی پەناخوازان لە ڕێگای مەجارستانەوە بەرەو ئوتریش و ئاڵمان دەڕۆن، بەرپرسانی ئاڵمانی ڕایانگەیاندوە ڕۆژی شەمە و یەکشەممە دەیان هەزار پەناخواز چوونەتە نێو ئەو وڵاتەوە.



لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێکی زۆر لە خەڵکی ئوتریش خۆبەخشانە بەرەو مەجارستان چوون بۆ یارمەتیدانی ئەو پەناخوازانە و ئاو و خۆراکیان بۆ بردوون و بە ماشێنی خۆیان ڕایانگوێزتوون بەرەو ئوتریش. وڵاتی ئوتریش چەند ڕۆژە حاڵەتی نائاسایی بۆ یارمەتیدان بە پەناخوازان ڕاگەیاندوە.

ڕەخنەگرانی دەوڵەت لە ئاڵمان، ئانجیلا مێرکێل سەدری ئەعزەمی ئەو وڵاتەیان تاوانبار کردوە بەکردنەوەی سنوورەکان بەرووی ئەو هەموو پەناخوازودا کارێکی نادروست و مەترسیداری گرتۆتە پێش.



ئێرە «خاوەران»ە! گۆڕستانی بێناونیشانی هەزاران زیندانیی سیاسیی ئێران کە ساڵی ١٣٦٧ لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییەوە ئێعدام کران و بە کۆمەڵ کۆمەڵ خرانە ژێر خاکەوە.

# کۆبوونەوەیەک بۆ باس لەسەر باسەکانی پلینۆمی سێزدەیەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان

کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە کۆبوونەوەیەکدا کە بۆ باس لە سەر باسەکانی پلینۆمی سێزدەهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزب پێکهاتبوو، بڕیارو پەسەندکراوەکانی ئەو پلینۆمەی شی کردەوە.

لەو کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ١١ی خەرمانان بەبەشداریی سەدان کەس لە کادرو پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕات گیرا، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان سەرەتا سڵاوی بۆ ئەو سەدان پێشمەرگەیەی حیزب نارد کە لە نێوخۆی وڵاتو لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستاندا تێکۆشانی حیزبیی خۆیان بەڕێوەدەبەنو؛ پاشان تیسکی خستە سەر ئەو باسو بابەتانەی لە پلینۆمی سێزدەهەمی کۆمیتەی ناوندیدا کاریان لەسەر کراوەو بڕیاریان لەسەر دراوە.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە سەرەتای باسەکەی‌دا ئاماژەی بە قوڵبوونەوەی قەیرانو بشێوی‌یەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کردو گوتی لە کاتێکدا زلهێزە جیهانیو وڵاتە ناوچەییەکان هەر یەکەو بەپێی سیاسەتو توانای خۆی لە هەوڵی ئەوەدان ئەو ئاڵوگۆڕانە بە قازانجی خۆیان بقۆزنەوە، کوردیش لەو ناوچەیە خاوەن پێگەو جێگەی تایبەتیی خۆیەتیو لەو هاوکێشانەدا دەوری سەرەکی دەبینێ.

کاک خالید عەزیزی بە تیشک خستنە



سەر دوایین ڕووداوەکانی هەرێمی کوردستان، باکوورو خۆراوای کوردستان کە لە پلینۆمدا تاوتوێ کراوە، خوێندنەوەو سیاسەتی حیزبی دێموکڕاتی بە نیسبەت ئەو ئاڵوگۆڕانە شی کردەوە. لەو پێوەندییەدا ئاماژەی بەوەدا کە دەستپێکردنەوەی شەڕ لە تورکیە لە بەرژەوەندیی پڕۆسەی ئاشتیو هەروەها پێوەندییەکانی کوردو تورک لەو وڵاتەدا نییەو؛ لایەنە سیاسییەکانی هەرێمی کوردستانیش دەبێ لە بیری چارەسەرێکی درێژخایەنو یەکلاکەرەوە بۆ کۆتاییهێنان بە ناکۆکییەکانیان لەسەر پرسە سیاسیو ئیدارییەکاندا بنو نەهێڵن ئەو هەلە مێژوویی‌و پڕبایەخەی بۆ کورد

لە باشووری کوردستان هەڵکەوتووە، لەبار بچێ.

باس لە پرسە سیاسییەکانی نێوخۆی ئێرانو ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بە تایبەت ئاڵوگۆڕەکان دوای ئیمزاکردنی ڕێککەوتنی ئەتۆمیو هەروەها هەڵبژاردنەکانی داهاتووی مەجلیس دوو تەوەری دیکەی باسەکەی سکرتێری گشتیی حیزب لەو کۆبوونەوەیە بوون.

کاک خالید عەزیزی لەو بەشە لە قسەکانی‌دا بە لێکدانەوەی چەندیو چۆنیی گرینگیی کێشەی ئەتومیی ئێران بۆ کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان گوتی ڕێککەوتن یان ڕێکنەکەوتن لەسەر ئەو پەروەندەیە لەگەڵ ئێران گۆڕانێکی زۆر لە چوارچێوەی خەباتو پرۆژەکانی ئێمەدا پێک ناهێنێ، بەڵام بێگومان ئەگەر ئەو ڕێککەوتنە لە هەموو ڕەهەندەکانی خۆیدا بە ئاکام بگاو ئەگەر کۆماری ئیسلامی بیهەوێ، دەکرێ شوێن لەسەر ژیانی خەڵکیش‌دا دابنێو ئێمەش دەبێ لە داهاتوودا زۆرتر لەسەر ئەو داخوازە مەدەنی، دێموکڕاتیکو سیاسییانەی خەڵک کار بکەین کە دەیان ساڵە لەلایەن کۆمەڵگای جیهانییەوە پشتگوێ خراوە، وەک پرسی کوردو مافە مەدەنیو سیاسییەکانی خەڵک لە کوردستانو ئێران.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەو بەشە لە قسەکانیدا باسی لە پێناسەی جیاوازی پرسی کورد لە ئێران لە چاو نەتەوەکانی دیکەی کردو لە ژێر تروسکایی ڕۆڵی کورد لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست، خوێندنەوەی بۆ



پێگەی بزووتنەوەی کوردو پرسی کورد لە ئێران کرد.

هەڵسەنگاندنی پلینۆمی سێزدەهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بۆ خەباتو تێکۆشانی حیزبو شیکردنەوەی زیاتری جموجۆڵی ئەم دواییانەی حیزب لە نێوخۆی وڵاتو ناوچە سنوورییەکان، پرسی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی مەجلیسو چۆنیەتیی خوێندنەوەی حیزب بۆ بەشداریی چالاک لەو هەڵبژاردنە لە ڕاستای هێنانەگۆڕێی ویستو داواکانی خەڵک، پرسی گرتنی کۆنگرەی داهاتووی حیزبو چۆنیەتیی ئامادەکارییەکان بۆ ئەو کۆنگرەیەو هەروەها چەند باسێکی نێوخۆییو تەشکیلاتی تەوەرەکانی دیکەی باسەکەی کاک خالید عەزیزی لەو کۆبوونەوەیە بوون.

# یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە دەرەوەی وڵات

## فێنلاند

**ڕێوڕەسمی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی فینلاند بەڕێوەچوو.**

ڕۆژی شەممە ٢٩ی ئاگووستی ٢٠١٥ی لە دەقەری توورکۆ‌ی وڵاتی فینلاند، یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان بەرزو پیرۆز ڕاگیرا. بڕگەی یەکەمی ئەو یادە، سەرەتا بەسروودی نەتەوایەتیی ئەی ڕەقیب دەستی پێکرد. دواتر خولەکێک بێ دەنگی بۆ بەرز ڕاگرتنی یادی شەهیدانی گەل و حیزب لە لایەن بەڕێوەبەری بەرنامەکە، ئازاد شێخییەوە ڕاگەیێندرا. پاشان ٧٠ مۆمی تەمەنی پڕ لە شانازی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە ژێر لۆگۆی ٧٠ ساڵەدا



هەڵکرا.

لە بڕگەی دووهەمی بەرنامەکەدا، پەیامی کۆمیتەی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان- کۆمیتەی فینلاند، خوێندنەوەی ناوی ئەو حیزب و ڕێکخراوە دۆست و هاوپەیمانانەی کە پەیام و بروسکەی پیرۆزباییان بەو بۆنەیەوە ناردبوو درێژە بە یاد کردنەوەکە درا.

لە بەشێکی دیکەی ئەم ڕێوڕەسمەدا، کەریم ڕەسووڵی بەرپرسی کۆمیتەی فینلاند‌ی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان بابەتێکی سەبارەت بە ٢٥ گەلاویژی ١٣٢٤ پێشکەش کرد.

دوایین بڕگەی ئەم ڕێوڕەسمە بۆ مۆسیقا و ئاوازی هونەرمەندانی خەباتکار و دەنگ خۆش ناسر ڕەزازی، ڕەشید فەیزی نیژاد و فەرهاد ئالانی بە هاوکاری کۆڕی مۆسیقی تەرخان کرابوو

## ئاڵمان

**ڕێوڕەسمی یادی ٧٠ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە وڵاتی ئاڵمان بەڕێوەچوو.**

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٣١ی گەلاوێژ، ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزب لە وڵاتانی ئاڵمان، هولەند، بلژیک، فەرانسە، سویس و ئوتریش ڕێوڕەسمێکیان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ، ٧٠هەمین ساڵڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکرات لە شاری کوڵن‌ی ئالمان پێک هێنا. ڕێورەسمەکە سەرەتا بە سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب و دواتر بە ڕاگرتنی یەک خولەک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ‌کرد. دواتر لە لایەن بەڕێوەبەرانی ڕێورەسمەکە زاهید شاعیری و سەیران بایەزیدحوسێنی، داوا لە کاک جەلیل گادانی تێکۆشەری لەمێژینەی حیزب و ڕاوێژکاری دەفتەری سیاسی حدک کرا بۆ کردنەوەی ڕێوڕەسمە چەند وتەیەک پێشکەش بکا. پاشان هاورێ حسن رستگار تێکۆشەری دێرین و موشاوەری دفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستان بە بۆنەی ٢٥ی گەلاوێژ وتارێکی سیاسی پێشکەش کرد. کاک حەسەن لە وتارەکەی خۆیدا، وێڕای پیرۆزبایی ئەو ڕۆژە مەزنە بە خەڵکی کوردستان، بنەماڵەی شەهیدان، بەندکراوانی سیاسی و هەموو ئەندامان، کادر و پێشمەرگەکانی حیزب، ئاورێکی وردی لە مێژووی پڕ لە هەوراز و نشێوی ٧٠ ساڵ خەباتی حیزبی دیموکراتی کوردستان دایەوە. بەڕێزیان لە وتارەکەی دا ئاماژەی بە چەند قۆناغ جیاواز لە مێژووی سیاسی حدک کرد و خاڵە بە هێز و لاوازەکانی ئەو مێژووە پیرۆزەی هێنایە بەرباس. لە کۆتایی وتەکانی دا بەڕێز ڕەستگار ئاماژەی بە بارووددۆخی ئێستاکەی



ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە گشتی و دۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران بە تایبەتی کرد. بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمەکە تەرخان کرابوو بۆ پەیامی حیزب و ڕێکخراوە کوردستانی، ئێرانی و ئاڵمانییەکان کە لەم بەشەدا سوڵتان گوڵاوی بەرپرسی کومیتەی ئاڵمان وێڕای بە خێرهێنانی میوانەکان، بە هۆی کەمبوونی کات، تەنیا ئاماژەی بە نێوی نوێنەرایەتی حیزب ڕێکخراوەکانی بەشدار لە ڕێوڕەسمەکەدا کرد. لە بەشێکی دیکەی ڕێوڕەسمدا ئەبرێزە حوسێنی ئەندامی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیامی هاوبەشی یەکیەتییەکانی ژنان و لاوان لە دەرەوەی وڵاتی خویندنەوە. بەشی کۆتایی بەرنامەکە تەرخان کرابوو بۆ بەشی هونەری و شادی بەشدارانی ڕیورڕەسمی یادی دامەزرانی حەفتا ساڵەی حدک لە شاری کۆڵنی ئاڵمان.

درێژەی

## ڕاگەیاندراو سەبارەت بە بەڕێوەچوونی پلینۆمی سێزدەهەمی کۆمیتەی ناوەندی

گرینگترین بەشی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ بارودۆخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و خەباتی گەلەکەمان لەو پارچەیەی کوردستاندا تەرخان کرابوو. لەو بەشەدا وێڕای ئاوڕدانەوە لە پاشخانی مێژوویی دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان چ لە گۆشەنیگای سیاسەتی بەردەوامی سەرکوت و هەڵاواردن لەلایەن ڕێژیمەوە و چ لە گۆشەنیگای کێشە و کەموکوڕییە نێوخۆییەکانی بزوتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە، لە حەفتا ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستاندا ئاوڕ لە ڕابردووی پڕ لە هەوراز و نشێوی خەبات و تێکۆشانی ئەو حزبە درابۆوە و دوورەدیمەنەکانی خەباتی لەمەودوای حیزب و ڕێکارەکانی بووژاندنەوەی هەرچی زیاتری تێکۆشانی مەیدانی و فرەڕەهەندی ئەو حیزبە هەڵسەنگێندران. هەر لەو چوارچێوەیەشدا ئەزموونی چەند مانگی ڕابردووی جێگیربوونەوەی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لەسەر سنوورەکان و بەردەوامیی حزووریان لە نێوخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرز نرخێندرا و وێڕای سڵاو و دەستخۆشی لە فەرماندەران و کادر و پێشمەرگەکانی حیزب ڕێگاکانی قووڵکردنەوە و زیاتر بە بەرهەم کردنی ئەم دەورە نوێیە لە جوڵە و تێکۆشانی خەباتگێڕانی دێموکڕات قسەیان لەسەر کرا.

بڕگەی دواتری کارەکانی پلینۆم بۆ باس و گفتگۆ لەسەر ئامادەکارییەکانی بەستنی کۆنگرەی شازدەهەمی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تەرخان کرابوو. لەو بڕگەیەدا، پاش ئەوەی کۆمیتەی ئامادەکاری کۆنگرە ڕاپۆرتی کارەکانی تا ئێستای لەو پێناوەدا خستەڕوو، لەسەر کۆمەڵێک بابەتی پێوەندیدار بە کاتی بەستنی کۆنگرە، بەرچاوڕوونیی پێویست بۆ ناوەرۆکی ڕاپۆرتی کۆمیتەی ناوەندی بۆ کۆنگرە، کارەکانی هەیئەتی پێداچوونەوەی بەرنامە و پێڕەو، وردەکارییەکانی بەستنی کۆنفرانسەکانی پێش کۆنگرە و هتد هاتنە بەر باس و کۆمیتەی ناوەندی لەبارەیانەوەی کۆمەڵێک ڕاسپاردەی بۆ هەنگاوەکانی لەمەودوا دایە دەفتەری سیاسیی حیزب.

دوایین بڕگەی کارەکانی پلینۆمی سێزدەهەمی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان تایبەت بوو بە تاوتوێ کردن و بڕیاردان لەسەر کۆمەڵێک بابەتی تەشکیلاتی و هەروەها کۆمەڵێک ڕاسپاردەی پێوەندیدار بە باشتر کردنی کاروباری هێندێک لە ئۆرگان و بوارەکانی کار و تێکۆشانی حیزب پەسند کران.

# ڕۆڵەکانی دێموکرات پەلامارێکی هێزەکانی ڕێژیمیان بۆ سەر خۆیان تێک شکاند

ئێوارە درەنگانی دوێنێ سێشەممە١٠ی خەرمانان ( ١ی سێپتامبری ٢٠١٥) هێزێکی هاوبەش لە تێکۆشەرانی دیموکرات و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ناوچەی ڕەبەت و لە نێو ئاوایی و دەوروبەری گوندی سیسێری ناوچەی ڕەبەت بوون، کەوتنە بەر پەلاماری هێزێکی زۆری ڕێژیم پێکهاتوو لە جاش و پاسدار کە بە زیاتر لە ١٠ تویوتا و ماشێنی هەڵگری چەکی جۆراوجۆر خۆیان گەیاندبووە دەوروبەری ئاوایی.

تێکۆشەرانی دیموکرات لە گەڵ بەشێکی بەرچاو لە خەڵکی ئاوایی سیسێر لە بەر دەرگای مزگەوت خەریکی هەواڵپرسی و قسە و باس و دیدار نوێکردنەوە بوون کە پەلاماردەران، دەستڕێژیان لە سەنگەرەکانی دیدەبان و نیگابانەکانی هێزی پێشمەرگە لە دەرەوەی ئاوایی کرد. پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێشمەرگە گیانلەسەردەستەکان کە بە وشیارییەوە جموجۆڵی هێزی پەلاماردەریان گرتبووە ژێر چاوەدێری، گورج لێیان وەدەست هاتن. جاش و پاسدارەکان کە لە هەمووە میحوەرەکانەوە لە گەڵ ئاگری بێئەمانی چەکی پێشمەرگەکان بەرەوەڕوو بوون، خۆیان ڕانەگرت و ناچار بە پاشەکشە بەرەو سوێروێ و نستان و ماوەڵۆ بوون و ڕۆڵەکانی دیموکراتیش بە سلامەتی لە شوێنی تێکهەڵچوونەکە دوور کەوتنەوە.

بە دوای ئەم پاشەکشەیەی جاش و پاسدارەکان و زەبر وێکەوتنیان لە لایەن هێزی هاوبەشی پێشمەرگە و پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، تۆپخانەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەرزایی و شێو و دۆڵ و مووچە و مەزراکانی سوێروێ، نستان، گەنمان ،گوڵێ و چەند گوندێکی دیکەی ئەم ناوچەیان بە توندی دایە بەر ئاگر و ئاسن و زیانێکی زۆریان بەلێڕەوارەکانی ئەم دەڤەرە و ڕەز و باغ و مووچەی خەڵک گەیاند.

شایانی باسە بە گوێرەی زانیارییەکان لەم شەرە دا ژمارەیەک لە بەکرێگیراوانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و ژمارەیەکیش بریندار بوون کە بە چەند ئامبولانس گوێزراونەوە بۆ شاروچکەی ڕەبەت و شاری سەردەشت. ناوی دوو جاشی ناسراوی ناوچە کە دەگوترێ یەکێکیان فەرماندەری ئەو هێزە پەلاماردەدرە بووە، لە نێو ناوی کوژراو و بریندارەکان دا هەیە کە پاش دڵنیابوونمان لە ڕاستیی زانیارییەکە، لە هەواڵەکانی داهاتوو دا بە ئاگاداریی خەڵک و میدیاکان و بیروڕای گشتیی دەگەیەنین.

پێویستە بگوترێ جگە لە شەوی ڕابردوو ئەمڕۆش هەتا ئامادەکردنی ئەم هەواڵە، تۆپخانەکانی کۆماری ئیسلامی کویستانەکانی نێوان ناوچەکانی مەهاباد و ڕەبەت بەتایبەتی بەرزاییەکانی کاوڵان، کوران، کانیەڕەش و گوندەکانی دەوروبەریان بە خەستی تۆپباران کردوە.



# کوشتاری زیندانیانی سیاسی پەڵەیەک بە نێوچاوانی رێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە

کوێستان فتوحی

**بڕیار درابوو کارەساتێکی گەورە بقەومێ، کارەساتێک بە فەرمانی کەسێک کە خۆی بە نوێنەری خوا لە سەر زەوی دەزانی! ئەو مافی بە خۆی دابوو کە ئەم «کافرانە» دەبێ بنێردرێنە شوێنی خۆیان... بڕۆن بۆ جەهەننەم! ....دەستە دەستە کچ و کوڕی لاو بانگ دەکران و نەدەگەڕانەوە نێو بەندەکانیان، ئەو شوێنەی تەنیا بە تاوانی ئازادیخوازی تێیدا زیندانیی کرابوون.**

.....

بیست وحەوت ساڵ لەمەوبەر لە ٦ی گەلاوێژی ١٣٦٧ی هەتاویدا خومەینی رێبەر و دامەزرێنەری رێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، فەرمانی قەتڵی هەزاران کەس لە زیندانیانی سیاسیی ئێرانی دەرکرد: «ئەو کەسانەی کە لە زیندانەکاندان و لەسەر بیر وباوەری خۆیان سوورن کافرن و دەبێ لە ناو بچن.»

ئەوان تەنیا بە تاوانی بەشداریی لە خۆپیشاندانێک یان بەشداریی لە کۆبوونەوەیەکی سیاسی یان نووسینی دروشمێکی سیاسیی ئازادیخوازی لە سەردیوار، زیندانی کرابوون. تەنانەت هێندێکیان ماوەی زیندانییەکەشیان تەواو ببوو، بەبێ ئەوەی بتوانن دیفاع لە خۆیان بکەن، بەبێ ئەوەی بتوانن هاوارێک بکەن، جەللادەکان بەرەوە کوشتارگایان بردن. نەیاندەزانی لێسەندنەوەی ژیان، یان درێژەی ژیانیان پێوەندی بەو وڵامانەوە دەبێ کە دەیدەنەوە بە پرسیارەکانی هەیئەتی هەڵبژێردراوی خومەینی، هەیئەتێک کە ناوی لێ نرا هەیئەتی مەرگ!

هۆکاری ئەو کوشتارە

زۆر لە سەرانی رێژیم و تەنانەت هێندێک کەسیش لە دەرەوەی ئەو رێژیمە هۆکاری ئەو کوشتارە سامناکەیان دەگەڕاندەوە بۆ عەمەلیاتی نیزامیی رێکخراوی مجاهیدین کە بە ناوی «فروغ جاودان» کە لە سەرەتای گەلاوێژی ١٣٦٧ لە خاکی عێراقەوە بۆ سەر رێژیمی ئێران دەستی پێکرد. بەڵام هەم لە روانگەی مێژووییەوە ئەم بۆچوونە نادروست بوو، هەم لە روانگەی ئەخلاقی و مافی مرۆڤەوە، نارەوایە کە ئەو تاوانە ببەسترێتەوە بەم رووداوەوە.

بە پێی نێوەرۆکی نووسراوە و بیرەوەریی زۆر لە زیندانیانی پێشوو کە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە چنگی هەیئەتی مەرگ رزگاریان بووە، زۆر زووتر لەو رێکەوتە کوشتار و فشار دژی زیندانییە سیاسییەکان دەستی پێ کردبوو. لە راستیدا رێژیمی خومەینی هەر لە سەرەتای بەدەسەڵات گەیشتنیەوە بۆ لەناو بردنی موخالیفانی خۆی لە هیچ کردەوەیەکی نامرۆڤانە شەرمی نەدەکرد. ئامانجی سەرەکی ئەوە بوو موخالیفانی نیزامەکەی بسرێتەوە. ئێعدامی زیندانیانی سیاسی لە ساڵەکانی ٦٠ و ٦١ ئەوە دەسەلمێنن کە کۆماری ئیسلامی هەمووکات بۆ لەنیوبردنی موخالیفانی خۆی دەستی لە هیچ جینایەتێک نەگێڕابۆوە. ئەو کوشتارەش درێژەی هەمان ئەو ئێعدامانە بوون کە لەسەرەتای دەسەڵاتەکەیەوە دەستی پێ کردبوو. بەڵام بیانووی ئەمجارەی بۆ سڕینەوەی موخالیفان، ترس لە کۆتاییی شەڕی ئێران و عێراق بوو. سەرانی رێژیم کۆتایی شەڕیان وەک پاشەکشەیەکی گەورە دەدی بۆ نیزامەکەیان. ئەوان پێیان وابوو موخالیفانی کۆماری ئیسلامی بە ئاسانی دەتوانن بە قازانجی خۆیان لەم رووداوە کەڵک وەربگرن. بە خەیاڵی خۆیان بەم شێوەیە ویستیان بۆ هەمیشە حیسابی خۆیان لەگەڵ نەیاران تەواو بکەن. بۆیە خومەینی ئەم پیلانەی دارشت بۆ لە ناوبردنی بەکۆمەڵی زیندانیانی سیاسی.

رێژیمی خومەینی بۆ چاوترسێن کردنی موخالیفانی خۆی هەزاران کەسی لە ژن و پیاوی ئازادیخوازی ئێرانی قەڵاچۆکردن بۆ ئەوەی دەنگی ئازادیخوازیو جیابیری بێدەنگ بکا و بە نیازی ئەوەی ببێتە دەرسی عیبرەت بۆ خەڵکانیتریش. ئەو ئێعدامکراوانە جگە لە چەند کەسێکیان کە پێشتر حوکمی ئێعدامیان هەبوو، زۆربەیان تەنانەت ماوەی مەحکوومەتەکەیان تێپەڕ کردبوو و لە چاوەڕوانیی ئازادبوون دا بوون. پاشان بە شەو بە کۆمەڵ تەرمەکانیان لە گۆڕە بێناوونیشانەکاندا دەخستنە بن گڵەوە بۆ ئەوەی ئاسەواری ئەو جینایەتە سامناکە بشاردرێتەوە.



ئاشکرابوونی ئەو جینایەتە

هەر لە بەهاری ١٣٦٧ەوە چاوپێکەتنی بنەماڵەکان لەگەڵ رۆڵەکانیان راگیرابوو. لە مانگی خەرماناندا بنەماڵەی زیندانییەکان دەنگۆی زۆریان لە بارەی کارەساتێکەوە بیستبوو، ئەوان نەیان دەزانی چ بکەن، باوەڕ بکەن یان نا؟ لە ناباوەڕی و دڵە خورپە و نیگەرانیدا مابوونەوە، ئاخر زۆربەیان ئازیزانیان پێشتر محاکمە کرابوون و هۆکارێک نەبوو بۆ ئەوەی کە ئەوانە ئێعدام بکرێن، لێیان روون نەبوو، بەتایبەت کە نە تەرمەکانیان دەدراوە بە بنەماڵە، نە شوێنی ناشتنیان دیار بوو. پاشان لە ئاخری مانگی خەزەڵوەردا چاوپێکەوتنی بنەماڵەی زیندانیان کە لە بەهارەوە راوەستابوو دەستی پێ کردەوە. هەر بنەماڵەیەک کە دەچوو بۆ چاوپێکەوتن و ئیتر زیندانییەکەیان نەدەدیتەوە، بۆی دەردەکەوت کە رۆڵەکەی نەماوە. بەتایبەت کە بنەماڵەکان سوور بوون لەسەر سۆراغێکی رۆڵەکانیان. رێژیم رێگەیەکی دیکەی نەبوو بۆئەوەی لێی راکات و ناچار بوو نیشانەیەک بداتەوە پێیان. ئەوە بوو هێندێکیان جانتایەک کە چەند وردە کەلوپەلێکی شەخسیی رۆڵەکانیانی تێدا بوو پێیان دەدرایەوە. بەم جۆرە بوو دەرکەوت چ کارەساتێک رووی داوە. بەشێکی زۆر لەو بنەماڵانە پێکەوە کەوتنە خۆ بۆدیتنەوەی شوێنی ناشتنەکەیان. گۆرستانی خاوەران و هەڵدانەوەی گۆڕەکان لەلایەن سەگە برسییەکان و شوشتنەوەی زەوی بە ئاوی باران و دەرکەوتنی ئێسک و پرووسکی ئەو ئێعدامکراوانە، رووداو و بەسەرهاتێکی زۆر تاڵ و بەئازاری دەرخست. بەم جۆرە بە هەزاران کەسی بێتاوان بە فتوای کەسێک کە خۆی بە رێبەری «مستضعفان»ی جیهان دەزانی! و لە دادگایەکی رواڵەتی و چەند خولەکیدا حوکمی مەرگیان بەسەردا سەپا.

دیارە تا ئێستاش ژمارەی ئەو ئێعدامکراوانە بە روونی دیار نییە. تەنیا دێرێک لە قسەکانی مونتەزیری لەم پێوەندییەدا کە بۆ خومەینی نووسیوە بەسە بۆئەوەی گەورەیی کارەساتەکە نیشان بدا . لە ٩ی گەلاوێژدا کە ٤ رۆژ دوای فتواکەی خومەینی و ٣ رۆژ دوای دەستپێکردنی ئێعدامەکانە مونتەزیری بۆ خومەینیی نووسیوە: «بەهەر حاڵ ئێعدامی چەند هەزار کەس لە ماوەی چەند رۆژدا کاردانەوەیەکی باشی نابێ و بەدوور لە هەڵە نابێ». ئەو دێرە بە جۆرێک گەورەیی کارەساتەکە نیشان دەدا. بۆیە مونتەزیری دەیەوێ خومەینی لەو هەڵەیە ئاگادار بکاتەوە.

...ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە ئەم کارەساتە گەورەیە نابێ تەنیا و تەنیا لە لایەن بنەماڵەی قوربانییانەکانەوە یادی بکرێتەوە. پێویستە هەموو لایەک هەوڵ بدەن ئەو جینایەتەی خومەینی و رێژیمەکەی کە ئێستاش بە شێوەیەکی دیکە دژی ئازادیخوازانی ئێران و کوردستان هەر بەردەوامە، لە بیرو زەینی ئەو خەڵکەی کە لە ئێراندا دەژین نەسڕێتەوە و لەبیر نەکرێ و داوا لە کۆڕو کۆمەڵە جیهانییەکانی مافی مرۆڤ بکرێ ئەو رێژیمە بە هۆی کردەوە نامرۆڤانەکانیەوە مەحکووم بکەن و چی دیکە رێگە نەدەن کۆماری ئیسلامی ئاوا بە ئاسانی گیانی ئینسانە شەریف و ئازادیخوازەکانی ئێران بستێنێ.

مەودای ئەو کوشتارە گەورەیە لەگەڵ ئەمڕۆ کەم نیە و زۆر لەوانەی شاهیدی کارەساتەکە یان خوڵقێنەری کارەساتەکە بوون خەریکە ژیان بەجێدێڵن و لەجێیان نەوەیەکی نوێ کە کەمتر ئاگایان لە رووداوی ئەو جینایەتەیە، هاتوونەتە ژیانەوە، بە تایبەتی ئەو رێژیمەی کە خوڵقێنەری ئەو کارەساتە نامرۆڤانەیە بوو هەر لە دەسەڵات دایە و بۆ سڕینەوەی جینایەتەکە هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوەیە رووداوی کوشتاری ٦٧ بسرێتەوە یان هەر نەبێ بچووک بکاتەوە.

**ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەکوو ئەرکێکی گرنگ لە سەریەتی لە هەر کات و ساتێکدا ئەو مەسەلەیە بە زیندوویی رابگرێ بۆ بەدوادا چوون و لێپرسینەوە و زیندوو راگرتنی یادی ئەو شەهیدانە، پشتی بنەماڵەکانیان بگرن . گرنگ نیە ئەو قوربانییانە سەر بە چ ئیدئۆلۆژی و فکرێک بوون، هەموو ئەوانە پێش ئەوەی ئەندامی رێکخراوێک بن ئینسان بوون و بە ناحەق گیانیان لێ سەندراوە**

ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی وەکوو ئەرکێکی گرنگ لە سەریەتی لە هەر کات و ساتێکدا ئەو مەسەلەیە بە زیندوویی رابگرێ بۆ بەدوادا چوون و لێپرسینەوە و زیندوو راگرتنی یادی ئەو شەهیدانە، پشتی بنەماڵەکانیان بگرن . گرنگ نیە ئەو قوربانییانە سەر بە چ ئیدئۆلۆژی و فکرێک بوون، هەموو ئەوانە پێش ئەوەی ئەندامی رێکخراوێک بن ئینسان بوون و بە ناحەق گیانیان لێ سەندراوە، بۆ دیتنەوەی راستییەکان و ریسوایی خوڵقێنەرانی ئەو جینایەتە درندانەیە پێویستە هاوکار و یاریدەدەری یەکتر بن، تاکوو جارێکی دیکە کارەساتی لەم شێوەیە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا دووبارە نەبێتەوە.



**ئەو ئێعدامکراوانە جگە لە چەند کەسێکیان کە پێشتر حوکمی ئێعدامیان هەبوو، زۆربەیان تەنانەت ماوەی مەحکوومەتەکەیان تێپەڕ کردبوو و لە چاوەڕوانیی ئازادبوون دا بوون. پاشان بە شەو بە کۆمەڵ تەرمەکانیان لە گۆڕە بێناوونیشانەکاندا دەخستنە بن گڵەوە بۆ ئەوەی ئاسەواری ئەو جینایەتە سامناکە بشاردرێتەوە.**

# بزوتنەوەی کورد و مافی ژن



نووسین: ئارەش لۆڕستانی
وەرگێڕان: ئاڵەشێن

پرسی ژن له ئیران و تورکیەدا، دەگەڵ (کەشف حجاب)ی سەردەمی دسەڵاتداری ڕەزاشای پەهلەوی و کەماڵ پاشا (ئاتاتورک) فۆڕمێکی نوێی بە خۆوە گرت. ئەم هەنگاوە شۆکێک بوو پێچەوانەی ئەو نەریت و هزرە مەزهەبییانەی کە چەندین سەدەیە لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین وەک بایەخ و زیاتریش بە شێوەیەکی زۆرەملییانە لە لایان کۆمەڵگەی پیاوسالاری و حکوومەتی ناوەندییەوە بەسەر ژناندا دەسەپا. بە تێپەڕینی زەمەن و پێشکەوتنی تێکنولۆژی و پەرەگرتنی توێژینەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکان و کاریگەریی لەسەر کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکان، دەوڵەتەکانی دوای ڕەزاشا و ئاتاتورک ڕێگە و ڕێچکەی جۆراوجۆر و میتۆدی جیاوازیان گرتە بەر بۆ بیچمدان بەو هزر و هەڵبژاردن و ئەو بایەخانە کە ژنێک پەسندی دەکا، یا ناچارن قەبووڵی بکەن. هەنووکەی فەزای مەجازی و ڕاگەیانە کۆمەڵایەتییەکانیش وەک ئامرازێکی بەهێز و تازە بۆ فۆڕم بەخشین بە کۆمەڵگەی ژنان لە پێناو ئامانج و بەرژەوەندی حکوومەتە ناوەندییەکان بەکار دەهێنرێن. بەڵام ئەو خاڵە گرینگەی لە پێوەندیی لەگەڵ بەکارهێنانی فەزای مەجازی و ڕاگەیاندنە گشتییەکان لە ئارادایە، چالاکییە کۆمەڵگەتەڤەرییە سیاسی و مەدەنییەکانی ئەو ژن و پیاوانەیە کە بڕوایان بە سڕینەوەی هەڵاواردن دژی ژنان و ڕێزگرتن لە مافی ژن هەیە و، لەم پێناوەدا چالاکن؛ ئەم هەلەیان بۆ ڕەخساوە بتوانن لە بەرانبەر حوکم و نۆرم دژە ژنەکان، هزری نەریتی و یا گوشارە حکوومەتییەکان ڕاوەستن و ئەندام بوونی ژنان لە فەزای زانیاریدا و، پرسی پەروەردە، قەبووڵی ژنان لە پلە و پێگەی بەڕێوەبەریدا، ئەدەبیاتی کۆمەڵگە سەبارەت بە ژن، ئەمنییەتی کۆمەڵایەتی ژن و دادوەری لە سەر ژنان، گرنگترینی ئەو بابەتانەن هەمیشە بە شێوەی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ دژی هەڵاواردن جینسی بوەستێتەوە.

دەستەبەربوونی مافی ژن و سڕینەوەی هەڵاواردن دژی ژن، یەکێکە لە گرنگترین بنەما و پێوەرەکانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک کە پارتە کوردییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان ساڵانێکە هەوڵ بۆ چەسپاندنی دەدا. دامەزراندنی یەکەتیی ژنان لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانەوە، خاڵی دەستپێکی خەباتی ژنان بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی جینسی، بەشداریی سیاسی و مەدەنی ژنان لە هەموو کوردستانە. ئەو کاتە بایەخی ئەم تەفگەڕەمان لێ ڕوون دەبێتەوە، کە بزانین یەکەتیی ژنان لە هەموو کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا، یەکێکە لەو یەکەم دامەزراوانەی بۆ داکۆکی لە مافی ژن و گەشەی فیکری و بەشداریی ژنان دامەزراون. بزووتنەوەی کورد کە زیاتر نێوەڕۆکێکی نەتەوەیی- دێموکراتیکی هەیە، لەگەڵ پەیدابوونی فەزای مەجازی و پەرەسەندنی ڕاگەیەنە گشتییەکان لە بیاڤەکانی سیاسی، مەدەنی و فەرهەنگیدا ڕووبەڕووی پرسیارێکی زۆر بۆتەوە، کە لە هەموو بابەتەکاندا پرسی ژن و مافی ژن دەورێکی گرنگ و بەرچاو دەگێڕن.

هەستی سەربەخۆبوون و متمانەبەخۆیی ژنان، بەشداریی کۆمەڵایەتی ژنان، گۆڕینی باوەڕ و هزرە نەریتییەکانی ژنان، بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری ژنان، ڕەنگدانەوەی ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان لە زەین و جەستەی ژناندا، هەڵسوکەوتی ژنان، پێکهێنانی فەزای گشتی و بەرزکردنەوەی ئاستی مەشروعییەت پێدانی سیاسی و مەدەنی نێوان ژنان و پیاوان، جموجۆڵی کۆمەڵایەتی ژنان، بە زۆر بەربەرین لە فەزای مەجازیدا دێنە گۆڕێ و ڕەنگدانەوەکانی لە ژیانی ڕۆژانەدا بەردەوام لە گەشە دایە. کارکردی بزوتنەوەی کوردی بەرانبەر ئەم چەشنە پرسیارانەی کۆمەڵگە، بەتایبەت توێژی ژنان، وەک پێوەرێک بۆ هەڵسەنگاندنی دێموکراتیک بوونی بزووتنەوە و یا ناکارامەیی بزووتنەوە لە بەرچاو دەگیرێ. کەواتە بزافی کوردی بۆ بەرەوپێش بردنی خەبات ناچارە زۆر بەهێز و ئەکتیڤانە گرنگیی تایبەت بە پرسی ژن و نەهێشتنی هەڵاواردن دژی ژنان بدا و بە بەرنامەڕێژی دروست وگونجاو کە وڵامدەری ناسینی شووناسی ژن و ویستەکانی و سرنجدان بە مافی ژنان، بۆ نەهێشتنی نادادپەروەری و دێموکراتیک کردنی کۆمەڵگە تەواوە؟ حکوومەتی ناوەندی دەگەڵ ئەو هەموو ئیمکاناتە بەرینە ئابووری و هێزە مرۆییەی هەیەتی، بە چ شێوەیەک بەرانبەر بە داخوازیی سیاسی، کۆمەڵایەتی و مەدەنی بزووتنەوەی کورد و چالاکانی مافی ژن لە دوو بیاڤی کۆمەڵگە و فەزای مەجازیدا وەستاوەتەوە و هەوڵ دەدا سەرکوتیان بکا؟



**هەنووکە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەکوو ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای بۆ دۆخی ئیدەئاڵ و دڵخوازی داهاتووی ژن نییە و فەزای مەجازیش، یەکێکە لەو هۆکارانە و ڕەنگە گرنگترین هۆکاریش بێ کە زۆر خێرا بایەخ و سەرچەشنەکانی ژنان دەگۆڕێ**

بە سرنجدان بە پێچەڵاوپێچی پرسی مافی ژنان و ئەو هەڵاواردنانەی لە لایەن سیستمی دەسەڵاتدارەوە بەردەوام بە شێوەی جۆراوجۆر و پڕ گرێوگۆڵ بە سەر ژندا دەسەپێ، ڕوون و ئاشکرایە دۆزینەوەی ڕێگەچارەیەکی ژیرانە و کارامە هەروا سووک و ئاسان نییە. ئەزموونەکانی خەباتی گەلی کورد بەڕوونی دەریدەخا، سەرەڕای ئامادەیی و بەشداریی بەربەرینی ژنان لە خەباتی سیاسی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی و مەدەنیدا، پارتە کوردییەکان نەیانتوانیوە لە ڕێگەی میکانیزمێکی کاریگەرەوە ڕێگەچارەیەکی هەمەلایەن بۆ تێپەڕین لەو دۆخە دژوار و ئەستەمە بدۆزنەوە.

هەنووکە کۆمەڵگەی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، وەکوو ناوچەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین پێناسەیەکی ڕوون و ئاشکرای بۆ دۆخی ئیدەئاڵ و دڵخوازی داهاتووی ژن نییە و فەزای مەجازیش، یەکێکە لەو هۆکارانە و ڕەنگە گرنگترین هۆکاریش بێ کە زۆر خێرا بایەخ و سەرچەشنەکانی ژنان دەگۆڕێ. ئەو خواستە دێموکراتییەکانی ژنانە لە پێناو پێشخستنی بزووتنەوەی کورددا بەشداری کۆمەڵایەتی بەرزبکەنەوە. بەڵام بە سرنجدان بەو بارتەقا زۆرەی زانیارییی کە لە فەزای مەجازیدا بەردەوام لە لایەن بەکارهێنەرانێکی زۆرەوە ئاڵوگۆڕ دەکرێ، بزوتنەوەی کورد چۆناوچۆن دەتوانێ پێوەندییەکی دوولایەنە دەگەڵ ئەو ئەو ژن و پیاوانە دابمەزرێنێ کە خەبات بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی جنسی دەکەن و تێچووی بەرخۆدانی نەتەوەیی دێموکراتیکی کورد بۆ نزمترین ئاست دابەزێنێ؟ ئایا تەنیا گۆڕانەی کە ئەگەر بزافی کوردی نەتوانێ بە ئاقاری دێموکراتیزە کردن و نەهێشتنی هەڵاواردنی دژی ژنان، کە نیوەی کۆمەڵن، هەنگاوێکی کاریگەر بنێ کۆمەڵگەی کوردی بەرەو لایەک دەکێشێ کە شوناسی کوردی کە یەکێکە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ناسیونالیزمی کوردی، تووشی قەیران دەبێ و بزافی شوناسخوازانە و نەتەوییانەی کورد تووشی زەرەر و زیانی جددی و ڕەنگە قەرەبوونەکراو بکاتەوە.



**دەستەبەربوونی مافی ژن و سڕینەوەی هەڵاواردن دژی ژن، یەکێکە لە گرنگترین بنەما و پێوەرەکانی کۆمەڵگەیەکی دێموکراتیک کە پارتە کوردییەکان بەتایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان ساڵانێکە هەوڵ بۆ چەسپاندنی دەدا**

ئەزموونی وڵاتانی دێموکراتیک و ئازاد دەریدەخا بارودۆخی ژنان و لەشساغی و ئەمنییەتی ژنان گرنگترین پێوەر و بنەماکانی گەیشتن بە دێموکراسین و تەنانەت پاش بڕینی هەلومەرجی دیکتاتۆری و نادادپەروەری و گەیشتن بە دێموکراسیش، دەبێ بەردەوام ڕۆڵ و هەلومەرجی ژنان بەرەوە بەرزبوونەوە و ڕەوشی دڵخوازتر و باشتر بڕوا، چونکە گەیشتن بە دێموکراسی و مافی دیاریکردنی چارەنووس یەکەم قۆناغی گەیشتن و پێگەیشتوویی گەلێک و کۆمەڵگەیەک بووە دوای ئەویش کۆمەڵگەی دێموکراتیک هەمیشە مەترسی دیکتاتۆری و گەڕانەوە بۆ نادێموکراتیکی بوونی لە سەرە. لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ تا ئەو کاتەی هەڵاواردنی دژی ژنان بوونی هەیە، کۆمەڵگە بە دێموکراسی ناگا و تا کۆمەڵگەیەکیش دێموکراتیک نەبێ، هەڵاواردن و ستەمی ڕەگەزی نابڕێ. کەواتە بزافی کورد هەتا نەتوانێ متمانە و بەشداریی ژنان ڕاکێشێ ناشتوانێ بە دروستی ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێ و ئەو ژن و پیاوانەی لە کوردستان خەبات بۆ نەهێشتنی هەڵاواردنی جنسیش دەکەن، بە بێ هاوکاری کردن و پێوەندی کردن بە بزووتنەوەی کوردییەوە ناتوانن بکەونە ئەو هەلومەرجە دێموکراتیک و دڵخواز و دادپەروەرانەیەوە.

# بۆم نەبوو لەگەڵ دایکم بە کوردی بدوێم

کـەمـاڵ شـەریـفـی دوای حـەوت سـاڵ زینـدانـی بـوون، سـەبـارەت بە ناخۆشییەکانی دەدوێ

وەرگێر: ئازادکەریمی

حەوت ساڵ لە دەستبەسەرکردنی کەماڵ شەریفی زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی «میناب»دا تێپەڕ بووە و ئێستا لـە زینـدانـەوە خەمنامەیەکی نـووسـیـوە و تـێـیدا بـاسـی خـەم و دڵتەنگیەکان و ئازارەکانی ناخی کردوە.

بە گوێرەی ڕاپۆرتـی «ڕێکخراوی بەرگریکارانی مافی مرۆڤی کوردستان»، لە بەشێک لە نامەکەی ئەم ڕۆژنامەنووسە کوردە زیندانییەدا دەڵـێ: حـەوت ساڵ زیاترە زیندانیم تەنیا یەک جارلە ژێر چاودێرییەکی قورس و توندی ئەمنییەتیدا و بە شێوازێک کە بەرپرسی زیندان لەوێدا ئامادە نەبوو، بەڵام جێگرەکەی و بەشی ئەمنییەتی و پاراستنی زیندان و بەرپرسی «قەرارگاە» و بەڕێوەبەری بەشی فەرهەنگی و چەندین کارمەندی دیکـەی زیـنـدان لـەوێـدا ئـامـادە بـوون، لەگەڵ دایکم دیدارێکم هـەبـوو، بێجگە لە چاکوچۆنیکردن مافی ئەوەم نەبوو لەگەڵ دایکم بە کوردی قسە بکەم، ئەوە لـە کاتێکدایە دایکم فـارسـی نـازانـێ و ناتوانێ قسەی پێ بکا.

کەماڵ شەریفی ڕۆژنامەوانی کوردی تەمەن ٤٣ ساڵ، لە زیندانی میناب لەگەڵ گیراوانی ئاسایی و تاوانبارانی مادە هۆشبەرەکان لەو زیندانە دایە.

نـاوبـراو لە سـەرەتـای دەستبەسـەر کردنییەوە هەتا ئێستا ڕێگای پێ نەدراوە کەسی ببینێ و تەنیا یەک جار دایک و براکەی بە ئیزنی بەرپرسانی دەسەڵاتی دادەوەریـیـەوە، توانیویانە چاویان پێی بکەوێ.

ئـەم ڕۆژنـامـەوانـە زیندانییە، ساڵی ١٣٨٧ی هەتاوی بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ وێژەوانان، نوسەران، زانایانی ئایینی و کەسایەتی فەرهەنگی و هونەرییەکان لە هەرێمی کوردستانەوە گەڕایەوە سەقزی زێدی و لە ڕۆژی ٥ی جۆزەردانی ١٣٨٧ لە ماڵی یەکێک لە پەرتووکفرۆشەکانی ئەم شارە لە پاش گەمارۆدانی خانووەکە و تـەقـەکـردنـی کـارمـەنـدانـی چـەکداری سوپای پاسداران و ئیدارەی ئیتلاعات و کوژرانی ئەندامێکی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان دەستگیرکرا. لەم پەلامارەدا چەکدارێکی سوپا ١٥ فیشەکی ئاراستەی ئەو ئەندامەی حیزب کرد و گیانی لێی ستاند.

کەماڵ شەریفی دوای کۆتایی هاتنی شەڕ و پێکدادنەکە، لەلایەن بەرپرسانی سـوپـای پـاسـداران و ئیتلاعات گیرا و ئـێـوارەی هـەمـان ڕۆژ بـە بـڕیـاری «داواکـــاری گشتیی شـــاری سـەقـز» گواستیانەوە گرتووەخانەی شاری سنە» و، کەوتە بەر ئەشکەنجە و زەختێکی زۆری دژەمرۆڤانە و دوای شەش مانگ ئازاری جەستەیی و دەروونی ناچار کرا گفتووگۆیەکی ڤیدیۆیی ئەنجام بدا.

لە ساڵی ١٣٨٧ی هەتاویدا بە هۆی ئـەوەی لـە ڕەوشـێـکـی دژواری دژە مرۆڤیدا بوو، هەروەها ئیجازەی دیداری لەگەڵ بنەماڵەکەیدا نەبوو، دەستی دایە مانگرتن لە خواردن و دوای یەک مانگ تـووشـی سەکتە (ڕاوەسـتـانـی) مێشک هات و لای ڕاستی جەستەی ئیفلیج بوو، بەشێوەیەک هەتا دوو مانگ نەیدەتوانی قسە بکا و پێڵوی چاوی ڕاستی نەدەنیشت و هەموو شەوان کاتی نووستن بە باندی چەسپ چـاوی دەنـووقـانـد. لەلایەکی دیکەوە هەتا ئێستا هیچ جۆرە هەوڵدانێک لە لایەن بەشی تەندروستی زیندانەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی جموجۆڵی ئـەنـدامـە لـەکـارکـەوتـووەکـانـی ئەنجام نەدراوە.

کەماڵ شەریفی ئێستا لە «بەندیخانەی میناب» لـەگـەڵ چەند گـیـراوی دیکەی سیاسی، لـەگـەڵ تـاوانـبـارانـی قـەتـڵ، قاچاخچیەکانی مـادەهـۆشـبـەرەکـان و هتد...دا بێ ئەوەی هیچ جۆرە جیاکاری لە نێوان بەشە نێوخۆییەکان و جۆری تاوانەکان کرابێ، ماوەی مەحکوومیەتی تێپەڕ دەکـا... دەقی نامەکەی «کەماڵ شەریفی» کە لەبەردەستی « ناوەندی بەرگریکارانی مافی مرۆڤی کوردستان» دایـە دەخرێنە ڕوو بۆ ئـاگـاداری ڕای گشتی:

بینینی جەستەی بێ ڕۆحی «ئایلان» هەموو خەم و ئازار و ناخۆشییەکانی زیندانی لە بیرم بـردەوە. حـەوت ساڵ زیـاتـرم لـە زیـنـدانـدا تـێـپـەڕکـرد، تەنیا بۆ جـارێ دەرفـەتـی دیـدارێـکـم لەگەڵ بنەماڵەکەمدا بۆ دروسـت بوو ئەویش لـە ژێـر چـاودێـرییـەکـی تـونـدی بەشی پاراستنی زیندانـدا و بێ ئەوەی بەرپرسی گشتی زیندان لەوێ بێ، بەڵام جێگرەکەی و بەرپرسی «اطـلاعـات» و زیـنـدان و بـەرپـرسـی قـەرارگـاە و بـەڕێـوەبـەری «یەکەی فەرهەنگی» و چەند کارمەندی دیکەی زیندان لەوێدا ئامادە بوون و بێجگە لـە چاکوچۆنی، بـۆم نـەبـوو بە زمانی کوردی لەگەڵ دایکم وشەیەکیش قسە بکەم.

بۆ مـاوەی حـەوت سـاڵ ژیان کردن لەگەڵ ئەم تاوانبارە ئاساییانە بە تایبەت زیندانییە موعتادەکان، (شـاری میناب لە سـەر ترانزیتی هاتنی مادە هۆشبەرەکانە لـە ڕێـگـەی سـنـوورەکـانـی ڕۆژهـەڵاتـی ئێران دایـە و زۆربـەی تاوانەکانی ئەم زیندانە پێوەندی بە تاوانەکانی سەر بە مادە هوشبەرەکانەوە هەیە و زۆربەی تاوانباران بە جۆرێ لە جۆرەکان تووشی مـادە هۆشبەرەکان بـوون و بـە هۆی نەداری و بێکارییەوە لەم شارەدا دزی کردن پلەی دووهەمی ڕێژەی دیلەکانی لەم زیندانەدا هەیە) لـەوە ناخۆشتر و کێشەی هـەرە گـەورەی ئێمە بە هۆی هاوبەندیی بوون لە گەڵ ئەم تاوانبارانە، پشکنینی پەیتا پەیتای ئێمەیە لە لایەن بـەرپـرسـانـی زیـنـدانـەوە بـە بـیـانـووی دۆزینەوەی مادە هۆشبەرەکانەوە، چەند ڕۆژەو جـارێ لـە کـوتـوپـڕدا خـەڵـکێکی زۆری کارمەندەکانی بەندیخانە بە باتۆم و شۆکی کارەبایییەوە دێنە بەشەکەی ئێمە و دەچنە ناو ژوورەکانی نووستن و بـە بـیـانـووی دۆزیـنـەوەی ئەفیون، چەقۆ و مۆبایل دەست دەکەن بە ڕووت کردنەوەی زیندانیەکان و پشکنینی کەل و پەلی تایبەتی و تێکدانی جێگەی خەوتن و هەموو شتەکان.

دەیـــان جـــار بــە بــۆنــەی ڕووت کـردنـەوەمـان و دەرهـێـنـانـی جلوبەرگی زیـنـدانـیـیـەکـان و تـەنـانـەت شـۆرت و تیشێرتی ئەوانەوە، لەگەڵ ئەو کارمەندانە تێکهەڵچووین و لە کۆتاییدا تووشی شۆکی کارەبایی، باتۆم و ژووری تاکە کەسی هاتووین و هەمووجارێ دوای ئەم پشکنینانە بەشێکی هەرە زۆری کەل و پەلی ئەو خەڵکە لە لایەن بەرپرسی زیندانەوە یان دزراوە یان بە بیانووی قـەدەغـە بـوونـەوە لـە لایـەن زیندانەوە دەستی بە سەرداگیراوە.

ئێرە زیاتر لە کەمپی «پاکەوە بوون لە مـادە هۆشبەرەکان» دەچـێ تاکوو زیندان، تەنیا جیاوازیەک کە هەیە ئەویش جیاوازی نێوان « مێتادۆن»ی دەرمانە لـەگـەڵ « مـێـتـادۆن»ی مـوعـتـادەکـان. مـێـتـادۆن بۆ هـەمـوو کـەس و هـەموو تەمەنێ ئازادە و دانان و تەرک کردنی لە دەستی خۆت دایە و دۆزی بە کارهێنانی لـە لایـەنـی زیـنـدانـیـیـەوە دەستنیشان دەکرێ و دوکتۆر هیچ تێبینییەکی لەم بوارەدا نیە. لەم زیندانەدا تەنیا ئەو مادە هۆشبەرانەی دەدۆزرێنەوە وا لە لایەن کەسانی زیندانیەوە دێنە ژوورەوە دەنا ئەو مادە هۆشبەرانەی وا کارمەندەکانی زیندانەکە هـاوردەی دەکـەن هیچ کات نادۆزرێنەوە! لێرەدا هەموو شت هەیە: تـلـیـاک، بـەنـگ و حـەشـیـش، شیشە، هێرۆیین، ترامـادۆڵ و حـەب. ئێوارانی پێنجشەمە و هەینی ئێرە دەبێ بە شێرە کێشخانە کانی سەردەمانی ( سەفەوی) و قاجار.

حەوت ساڵ زیاتر تێپەڕبوو، شەش مانگ لە ژووری تاکەکەسی لە ئیدارەی «اطـلاعـات»ی سـنـەدا لـە ژێـر دەیـان جۆری ئازار و ئەشکەنجەی جەستەیی و دەرونیدا، لێپرسینەوە و لێپێچینەوە یەک لە دوای یەک و ئازاردەر و ئەشکەنجە بۆ وەرگرتنی دانپێدانان و تۆمارکردن لە ڤیدیۆدا، لە ناوهەمان ئەو ژوورانەدا تووشی ئـازاری پێ و لاقەکانم هاتم. زۆرتـر لـە بیست جار چـووم بۆ لای دوکتـۆری بەندیخانە و ئەوانیش یان حەبی ئازارشکێنیان بە من داوە یان داوایـان کـردوە بۆ دکتۆری دەرەوەی زیندان بەڕێ بکرێم و هەموو کات لهگەڵ ئەم داواکارییەشدا دژایەتیان کـردوە. چەند ساڵانێکە چاوەکانم تووشی گرفت هاتوون و بەرپرسانی بەندیخانە ئیزنی ئەوەیان نـەداوە سـەردانی دوکتۆربکەم و لـە کـۆتـایـیدا چاویلکـەی یـەکێ لە زیندانییەکانم وەرگرت و لە چاوم کردوە بێ ئەوەی دکتور ئیجازەی بە من دابێ.

لـە پاییزی ١٣٩٠دا و دوای ٥٦ ڕۆژ مانگرتن لە خـواردن تووشی سەکتەی مێشک هاتووم و ماوەی چەند مانگە لای ڕاستی لەشم تووشی ئیفلیجی کاتی هات و نەمدەتوانی بە جوانی قسە بکەم. لەم بارودۆخەدا زیندان هاوکاری نەکردم و ئیجازەی نەدام بچمە دەرەوەی زیندان تاکوو سەردانی دوکتۆربکەم (یەکێ لە مەرجەکان ڕێپێدانی داواکاری گشتییە).

بە گوێرەی سکاڵانامەی لقی یەکی دادگـای شـۆڕشـی ئیسلامی سـەقز و ئـایـەی ٣٢ی سـورەی « مـائـدە» و بڕگەکانی ١٨٦- ١٩٠و ١٩٣ مەحکووم کراوم بە ٣٠ ساڵ زیندان لە تاراوگەدا( بـەنـدیـخـانـەی مـیـنـاب) و هـەروەهـا بە گوێرەی سکاڵانامە کە لەم ماوەدا بۆم نیە چاوم بە هیچ کەسێ بکەوێ و لە هەموو جۆرە دیدار و نووسین لە گەڵ خەڵکی دیکەدا بێبەشم ودەبێ ماوەی مەحکوومیەتەکەم لە زینداندا تێپەڕبکەم. هـەرچـەنـدە دادگـــای پـێـداچـوونـەوەی پارێزگای سنە تۆمەتی « دژایەتی لە گەڵ خودا»ی ڕەت کردەوە و جەختی کردوەتەوە پەنابردن بۆ بەڵگەی قورئان لـەم بـــوارەدا بـە گـوێـرەی یاسا ڕەوا نیە، بەڵام لە کۆتاییدا بڕیاری دادگای سـەرەتـایی دووپـات کـردوەتـەوە و بە نەگۆڕی زانیوە. ئەمە لە کاتێکدایە بڕیاری دوورخستنەوەم بۆ میناب بە گوێرەی ئایەتی ٣٢ی سورەی مائدە دەرکرا و دادگای پێداچوونەوە، ئەم پشتبەستنەی دادگای سەرەتایی بە ئایەتی قورئان بە یاسایی نازانێ بەڵام بڕیارەکە ناگۆڕێ، لـەوکـاتـەوە وا گـەمـارۆی ئـابـووری سەرئێران توندتربوەتەوە ڕەوشی ئاڵۆز و خراپی زیندانیەکان خراپترە، خواردنی کـەمـتـر وچـۆنـیـەتـی خـراپـی خـۆراک ئـازاردەرە. کەسانێکی زۆر کەم دەبینی وا بە خواردنی ئەم خۆراکانە تووشی بـەدخـۆراکـی و جـۆرەکـانـی کێشەی نـەخـۆشـیـنـی هـەنـاو نـەبـووبـێ! بـەڵام دیسان بە ناچاری مەجبوورن خۆیان دەست بدەنە دروست کردنی چێشت و خواردن و میوە و... و زیندان بڕیاری داوە لە شوێنێکدا جێگەیەک بۆچێشتلێنان بکاتەوە. ئەو کەسەی خەریکی قاچاخی مـادە هـۆشـبـەرەکـان بـووە یـان سـەر بە بنەماڵەیەکی دەوڵـەمـەنـدە دەتوانێ بـۆخـۆی خـواردنـی نـیـوەڕۆ و شێوی شەوان ئامادە بکات بەڵام بۆ کەسانێ وا بە هۆی نەدارایی وهەژارییەوە یان بۆ پەیداکردنی ژەمە ئەفیونی ڕۆژانەی خۆی دزیی کردوە و ئێستا کەوتوەتە زیندان یان بۆ ئەو کەسانەی کە دەبێ ماوەیەکی دوورو درێژ لە زینداندا بژین، ئامادە کردنی ژەمێکی ڕێک و پێک ئاواتێکی دوورە دەستە. هەرشتێ وا بسووتێ، خراپ بێ یان بە جۆرێ لە جۆرەکان کەڵکی نەمێنێ دەبێ لە پارەی گیرفانی زیندانییەکان دیسانەوە بکڕدرێتەوە، لە ئافتاوە و مەسینەی توالێتەوە هەتا کولێری گازی و سیم و کابل و ئەوەی شتی ناوبە شەکەی گرتووخانە دایە و پووڵ و پارەی تێدەچێ دەبێ لە لایەن دیلەکانەوە دابین بکرێ.

چەند زیندانیی سیاسی کورد لێرەدا وەک من بە تۆمەتی « دژایەتی لە گەڵ خودا» و ئەندام بوونی پارتە دژبەرەکانی کـۆمـاری ئیسلامی مەحکوومیەتی سەرووی ٢٥ ساڵ بەسەرماندا داسەپاوە و بۆ زیندانی میناب دوورخراوینەتەوە. دوورخـــراوەکــانــی دیـکـە دەتـوانـن دیدارودیمانەیان لە گەڵ خەڵکی دەرەوە هەبێ بەڵام بۆ بنەماڵەکانیان زۆرسەختە کـە ٢٥٠٠ کیلۆمـەتر ڕێگـە بـپـێـون و سەردانی ئێرە بکەن تاکوو بتوانن بۆ نیو کاتژمێر منداڵەکانیان ببینن...

**وەرگـیـراو لـە ماڵپەری ناوندی چالاکانی مافی مرۆڤی کوردستان**

**وەرگێران بۆ کوردی: ئازاد کەریمی**



**دەیان جار بە بۆنەی ڕووت کردنەوەمان و دەرهێنانی جلوبەرگی زیندانییەکان و تەنانەت شۆرت و تیشێرتی ئەوانەوە، لەگەڵ ئەو کارمەندانە تێکهەڵچووین و لە کۆتاییدا تووشی شۆکی کارەبایی، باتۆم و ژووری تاکەکەسی هاتووین**



# لاپەڕەی نوێ

**«منفی در منفی، منفی است منفی در مثبت، مثبت است»**

**تەهای ڕەحیمی**

شاخ و کێوە هەزار بە هەزارەکانی سەر سنووری زۆرەملی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئەو مەڵبەندەی مێژوویەکی پڕ لە ئازایەتی و قارەمانێتی ڕۆڵە کۆڵنەدەرەکانی گەلی کوردی لە هەناوی سەربوردەیدا تۆمار کراوە، ئەو گرەشاخ و بەرزە دوندانەی سەر لە ئاسمان دەسوون و ئەو دۆڵ و بنارە فێنکانە و، هەموو هەرد و بەردی، هەستی مرۆڤ دەهەژێنێ و ڕوحێکی سەربەرزانە و شۆڕشگێڕانە بە تاک دەبەخشێ. هەتا ئێستاشی دەگەڵدا بێ ئەم دوندانە هەر کەس و لایەن و حیزبێک پشتی پێ بەستووە؛ لە هەموو هێزێک بێمنەت بووە و دەوڵەتە داگیرکەرەکانی کوردستان سەرەڕای هەموو دڕندەیی و بەکارهێنانی پێشکەوتووترین چەک و تێکنۆلۆژی سەردەم، نەیانتوانیوە لەم شاخە ڕژد و هەڵەموتانە چۆک بە ڕۆڵەی تێکۆشەری کورددا دەن.

یەکێک لەو هێزانەی زێڕینترین قۆناخی خەباتی خۆی لەم شاخانە تۆمار کردوە – جگە لە سەردەمی ئیدارەی وڵات– حیزبی دێموکراتی کوردستانە، هەر بۆیە ئێستاکەش وەک قۆناخی نۆستالۆژیک و سەردەمی ئەکتیڤی خۆی لەم لوتکانە دەڕوانێ. دیارە دەتوانین بڵێین ئێستاشی دەگەڵدابێ زۆربەی هەرە زۆری ئەو لاو و گەنجانەی بۆ پێوەست بوون بە ڕیزەکانی حیزبی دێموکراتەوە ڕوو بنکەو بارەگاکانی حیزب دەکەن، بە هەمان وێنای قەندیل و بەرخۆدانی ئەم زنجیرە شاخانەوە بەری ڕێگە دەگرن. حیزبی دێموکراتیش لەپاش دابەزین و دابڕان لەو شاخانەوە بە هۆی چەندین فاکتەری جۆراوجۆر، هەمیشە لە دەرفەتێک گەڕاوە کە بارودۆخی ناوچە و بەتایبەتی هەرێمی کوردستان، کە ئێستاکە نوێنگەی دەسەڵاتی کوردییە لە جیهان و بە حەق پێویستە هەموو کوردێک یارمەتیدەری سەرکەوتن و پێشکەوتنی بن، بوار بدا بگەڕێنرێنەوە ئەو شاخانەو لە نزیکەوە ئاگایان لە ڕەوش و کەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبێ و بە باشترین شێوەی مومکین درێژە بە خەبات بۆ ئازادی کوردستان بدەن.

بە دوای ئاڵوگۆڕەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوودا و بە تایبەتیش سەرهەڵدانی خەڵکی وڵاتانی ناوچەکە کە بە «بەهاری عەرەبی» ناوی دەرکرد، قووڵبوونەوەی کەلێنی سیاسی هەرچی زیاتری نێوان بلۆکبەندییە سیاسییەکانی جیهان و ناوچەکە هاتە ئاراو، لەم نێوەشدا بە خۆشییەوە داگیرکەرانی کوردستان دابەشی دوو بەرەی سەرەکیی دژ بە یەک بوون. ئەمەش دەرفەتی خولقاند، هەتا هێزە کوردییەکان کەڵکی پێویست لەم ئاڵوگۆڕانە وەربگرن و دەگەڵ ئەوەی لە باشوور و ڕۆژئاوا بە توندی بوونە سیمبولی بەرگریی و شەڕی دژی داعش، لە پارچەکانی دیکەش بە تایبەتی باکووری کوردستان لە ڕێگەی هەڵبژردانەوە پرۆسەی خەبات هەرچی زیاتر پێش بخەن.

لە درێژەی ئاڵوگۆڕەکان و ئارایشە سیاسییەکانی ناوچەکەدا، حیزبی دێموکراتیش ئەم هەلەی قۆستەوەو بە ناردنی هێزی پێشمەرگە بۆ ناوچە سنوورییەکان، هەوڵی دا لاپەرەیەکی نوێی خەبات هەڵداتەوە، هەر بەم جووڵانەش بیرەوەریی حیزبی دێموکراتی دەیەی ٦٠و ٧٠ی کۆچی لە بیرو زەینی خەڵکی کورددا زیندو کردەوە کە، قۆناخێک گەورەترین هێزی چەکدارو دێموکراتی ناوچەکە بوو. ئەگەرچی حیزبی دێموکرات، هەمیشە هەوڵی داوە لە ڕێگەی جۆراوجۆروە لە نێو خەڵکەکەی خۆیدا ئامادە بێ و بە شێوەی فیزیکی هێزی پێشمەرگەی ڕەوانەی ناوچە جۆراوجۆرەکانی ڕۆژهەڵات کردۆتەوە، بەڵام لەم پێناوەشدا کەم تەگەرە و بەربەستی لە لایەن هێزە دەسەڵاتدارەکانی باشوور و سنوورەکان بۆ نەهاتۆتە پێش و، تەنانەت بە چەندین شەهیدیشی لە نێوخۆی کوردستان پێشکەش بارەگای ئازادی کردوە. ئێستاش بە گەڕانەوەی بۆ سەر سنوور بۆتە هۆی دڵخۆشی خەڵکی کورد لە ڕۆژهەڵات و سنوورەکان و، هەروەها دڵگەرمی و گەشبوونەوەی پێشمەرگە و ئەندامان و لایەنگری حیزبی دیموکرات، بەڵام هەر لەو بابەتەوەش چەندین پرسی جێی ڕامان هەیە کە ڕەنگە جێی مەترسی بن. بە هەڵواسراوی مانەوەی زۆربەی کێشە و گرفتەکانی نێوان دوو باڵی دیموکرات دەگەڵ ئەوەی نزیک بە یەک دەیەیە لێک جیا بوونەتەوە، هەوڵی بێبایەخ نیشاندان چالاکی و تێکۆشانی لایەنێک لە لایەن مێدیای سێبەرەوە، نەرمی نواندنی زیاتری لایەنێک لە چارەسەری کێشەکاندا لە پێناو بەرژەوەندی گشتیو نەتەوەیی، بۆتە هۆی جۆرێک تاکڕەوی و غرووری بێجێی لایەنی بەرانبەر.

بەڵام بۆ ئەوەی چیدی چاوەڕوانی ڕووداوی نەخوازراو نەبین، پێویستە هەرتک بە سینگ فراوانییەکی زیاترەوە هەنگاو بۆ ئەم قۆناخە نوێیە هەڵبێنەوە، چونکە ئەگەر لە بنکەو بارەگاکانیان لە باشوور ئاسایشی حکوومەتی هەرێم لە نێواندا بوو هەتا بەرگری لە هەر چەشنە گرژییەک بکا، لە چیاکانی سەر سنوور هیچ هێزێک جگە لە خۆیانی لێ نییە هەتا بەرگری لە ڕوونەدانی کارەساتێک بکا. هەر بۆیە دێموکڕات، کە گلەیی لە خۆسەپاندنی لایەنەکانی دیکە هەیە، دەبێ خۆی دەست لە تاکرەوی سیاسەتی نەفی و رەتی لایەنەکانی دیکە هەڵگرێ و واقعبینانەتر درێژە بە کار و تێکۆشانی بدا.

بە گشتی دێموکرات دەبێ لە پرۆسە ناتەواوەکانی دەشتی کۆیە داببڕێ و بە عەقڵییەتێکی نوێوە، دوور لەو عەقڵیەتەی لەت بوون و دابڕانی لێکەوتەوە هەنگاو بەرەو ڕۆژهەڵات بنێ. هەر هێزێک لەو هێزانە هەنووکە لە پانتایی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بەرەو سنوورەکان دەکشێن، ئەگەر زووتر بتوانێ خۆی لە هزر و میکانیزم و چۆنیەتی بەڕێوەبەری دەشتەکانی هەرێمی کوردستان ڕزگار بکا، بە دڵنیاییەوە دەسکەوتی زیاتری لە نێوخۆی ڕۆژهەڵات دەبێ. میکانیزمێکی نوێ دەتوانی پێوەندیی نێوان حیزب و خەڵک زیاتر لە جاران پتەوتر بکا و ئەگەر هەڵە و چەوتییەکیش لە ڕابردوو هەبوو قەرەبوو بکرێتەوە. کەواتە دەبێ گرێکوێرە نێوخۆییەکانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە دستی خۆیان بکرێنەوە، هەتا لەمپەر و بەربەستێک نەخەنە سەر ڕێگەی هەوڵە نوێیەکان و، وزە و پوتانسییەلی خەبات لە بەربەرەکانیی یەکتردا بە فیڕۆ نەدرێ، بەڵکوو ڕێبەرایەتی لایەنەکان بە گوێرەی ویست و داخوازیی زۆربەی هەرە زۆری ئەندامان و لایانگرانی خۆیان و بەتایبەتیش داوای خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە یەک گوتار و یەکریزی و یەکگرتوویی دەست بە نووسینەوەی ئەم لاپەڕەیە بکەن، ئەگینا لە جوگرافیایەکی تەواو چەکدارای و نیزامیدا هەیە؛ شیمانەی کارەساتێکی قەرەبوونەکراو چاوەڕوان دەکرێ، بە تایبەتیش بە پێی ئەو باکگراوەندەی لە پەیوەندیی لە نێوان هێزەکانی ڕۆژهەڵاتدا هەیە.

دواجار پێویستە بوترێ، ئەم لاپەرە نوێیەی بۆ خەباتی ڕۆژهەڵات رەخساوە و بە تایبەتیش دێموکڕاتەکان خەریکی تۆماری تێکۆشانی خۆیانن لە سەری، نابێ پاشکۆی ڕووداوە تاڵەکانی ئەو چەند ساڵەی ڕابردوو بن کە هەم ئەو هێزە و هەمیش خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بریندار کرد، واتە نابێ خولانەوە لە کێشەکانی ڕابردوو قەیرانەکانی دابڕانی بزووتنەوە لە ڕۆژهەڵات بێ، بەڵکو دەبێ ببێتە هۆی دەرچوون لەم کێشانەی ماوەیەکە بزاڤی ڕۆژهەڵات تێیدا دەخولێتەوە. براوەی ئەم لاپەرەش، ڕەوتێکە کە زووتر خۆی دەگەڵ هەل و مەرجەکە بگونجێنێ و تاکتیکی نوێ و بەرنامەی نوێ بە گوێرەی دەرفەتەکە هەبێ، هەتا بەرزترین دەسکەوتی دەست بکەوێ و بۆ هەمیشە ماڵئاوایی لەو پرسی و کێشە (فرسایشی)یانە بکا، زەمەنێکە هێز و پوتانسیێلی حیزبی بە خۆیەوە خەریک کردوە، بەڵکو دەبێ ئەم هێز و پوتانسییەلە گوڕێکی بەبڕشت و کاریگەرە بجوڵێنن و، ئەم جارە بزاڤی ڕۆژهەڵات لە هێزی چاوەڕوانی دەرفەتەوە، خۆی دەرفەتخوڵقێن بێ، بۆ بەرەوپێش بردنی پرۆسەی گەیشتن بە ئامانجەکان.



**بە هەڵواسراوی مانەوەی زۆربەی کێشە و گرفتەکانی نێوان دوو باڵی دیموکرات دەگەڵ ئەوەی نزیک بە یەک دەیەیە لێک جیا بوونەتەوە، هەوڵی بێبایەخ نیشاندان چالاکی و تێکۆشانی لایەنێک لە لایەن مێدیای سێبەرەوە، نەرمی نواندنی زیاتری لایەنێک لە چارەسەری کێشەکاندا لە پێناو بەرژەوەندی گشتیو نەتەوەیی، بۆتە هۆی جۆرێک تاکڕەوی و غرووری بێجێی لایەنی بەرانبەر**

## ڕۆژەڤی ئێران

# چاوخشاندنێکی کورت به سەر زانکۆ و گرنگییەکەیدا

**ئارەش لۆڕستانی**

زانکۆی تاران سیمبۆلی کۆمەڵگەی زانستی ئێرانە، کە هەموو حەوتوویەک ڕێژیم تێیدا نوێژی هەینی بەڕێوە دەبا و، هێڵە گرنگ، ستراتیژی و تاکتیکەکانی سیستمی دەسەڵاتدار لە لایەن ئیمامانی وتاربێژەوە لەو شوێنە دەخرێنە ڕوو. ئەو بابەتە هێند گرنگە کە عەلی خامنەیی، ڕێبەری کۆماری ئیسلامیش وەک یەکێک لەو وتاربێژانە لەو شوێنە ئامادە دەبێ.

بۆچی زانکۆ؟ ئەرێ کۆماری ئیسلامی دەیەوێ لایەنی زانستی بە سیاسەت و کارکردەکانی خۆی بدا و یا ڕەهەندی بیر و باوەڕی حکوومەتی و خاڵە لاوازەکانی خۆی لە بەرگی زانست و زانکۆدا بە بیروڕای گشتی نیوخۆیی و دەرەکی بفرۆشێتەوە و پاساوی بۆ بهێنێتەوە؟ ئایا ئامانجی کۆماری ئیسلامی و بە تایبەتیش بەیتی ڕێبەری دەیەوێ خۆی وەک نوێنەری کۆمەڵگەی زانستی وڵات بنوێنێ؟ یان سیستمی دەسەڵاتدار کە لە ماوەی ٣٧ ساڵی ڕابردوودا بە ڕوانگەیەکی ئەمنیەتی و ئیتلاعاتی هەوڵی بۆ کۆنترۆڵ و ئاراستەبەخشینی چالاکییەکانی زانکۆ داوە و بە دروشمی وەک ئیسلامی کردنی زانکۆ، دانانی بنکەی بەسیجی لە زانکۆ، دیاریکردن و دانانی نوێنەری وەلی فەقیهـ لە زانکۆ، تەرخانکردنی بوورسیەی تایبەت بۆ ئەو ڕەوت و توێژانەی سەر بە دامەزراوە سەرەکییەکانی حکوومەتن، کردنەوەی بەشی ئایینی، دامەزراندنی کەسانی بەردڵی سیستمی دەسەڵاتدار وەک مامۆستا و تیۆریسیەنی زانکۆ، دامەزراندنی زانکۆ تایبەتەکانی سەر بە سپای پاسداران و دامەزراوە ئەمنییەتییەکان و.... هەمیشە هەوڵی داوە چەقی ئەکتیڤیی فەزای زانستی و ئاخێزگەی ڕووناکبیری کۆمەڵایەتی بە ئاراستەی ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆیدا بەرێ و ئەگەر ئەوەشی بۆ نەلوێ، لانیکەم دەنگە دژبەرەکانی کەپ بکا و خوێندکارە سەربەخۆکان بخاتە لاڕێوە.

زانکۆ یەکێکە لە گرنگترینی ئەو دامەزراوانەی کە لە مێژووی کۆماری ئیسلامیدا لە بەرانبەر گوشاری سیستمی دەسەڵاتداردا ڕاوەستاوە و هەمیشە وەک مەکۆی ڕەوتسازی و شێوازناسی بزووتنەوەی سیاسی، کۆمەڵایەتی، مەدەنی و مافی مرۆیی ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە. دوای شۆڕشی ١٣٥٧ کەمتر بزووتنەوەیەک لە ئێراندا دەبینین کە خوێندکار و زانکۆ دەوری سەرەکی تێدا نەگێڕابێ و یان وەک یەکێک لە گرنگترین ئەکتەرەکانی نارەزایەتی و دژکردەوە سیاسی–کۆمەڵایەتییەکان، شوێندار نەبووبێ. بزووتنەوەی سەوز و ڕووداوەکانی (کوی دانشگاه) ئەو نموونانەن کە شکست و لاوازی ڕێژیم لە سۆنگەی داسەپاندنی خواست و داخوازییە حکوومەتییەکان بە ڕوونی دەردەخا.

هەڵبژاردن لە ئێران هەمیشە کەسێکی گونجاوی بۆ چالاکی زیاتر و باسی جیدیتر لە زانکۆکان ڕەخساندووە و زانکۆ و توێژی خوێندکار دەورێکی بنەڕەتییان لە هەڵبژاردن و بە تایبەت لە شارە گەورەکاندا هەبووە. بە سرنجدان بەوەی کە هەڵبژاردنی مەجلیسی شورای ئیسلامی ڕەشەمەی ئەمساڵ بەڕێوە دەچێ، ئەو باس و خواس و گەنگەشانەی لە سەر ڕێککەوتنی ناوکی لە زانکۆکانی ئێران لە گۆڕێدان، زۆرتر و بەربەرنتر دەبنەوە. ئەو کەشە دەتوانێ کێشە و ئاریشە و تەنانەت قەیرانێکی تازەش بۆ ئێران دروست بکا، یان هێزە دژبەر و ڕەخنەگرەکانی سیستمی دەسەڵاتدار دەتوانن بە دامەزراندنی پێوەندیی دوولایەنەی قووڵتر و کاریگەرتر دەگەڵ توێژی خوێندکار و تێگەیشتن لە هەستیاری و خواستەکانیان کەشێکی لەبار بۆ پێشخستنی داواکانی خۆیان سازبکەن، ئەو کەشەی حکوومەتی ناوەندی بە خەستی ترسیی لێی هەیە، چونکە بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان هەوڵێکی زێڕینیان بۆ سەرهەڵدان و گەشە هەیە.

# ڕووداوی ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ و دۆزی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان



**ئازاد کەریمی**

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دوای چونە دەرەوی ڕووس و عوسمانی لە١٢٩٧ی هەتاوی دا هیوا و ئومێدەکان بۆ دروست کردنی دەوڵەتی کوردی و هەروەها بە دەست هێنانی ئازادی و سەربەستی لە قەفەزی بێگانە ڕەنگ و ڕەواڵەتێکی دیکەی گرت. «ڕەزاشا»ی ئێران دەوڵەتێکی سەرکوتکەری لە ئێراندا بەرپا کرد و دوای ئەوەی زنجیرەی پاشایەتی بنەماڵەی «قەجەر»ی ڕووخاند و هاتە سەرتەخت لەوپەڕی توندوتیژیدا چوارپەلی ئێرانی بە کوردستانەوە دایە بەر شاڵاوی سەربازی و ئاگر و ئاسن و چەکمە و قامچی. لووتکەی ئەم خراپەکاریانە لە کوردستان ئەنجام درا. بۆ وێنە لە هەورامان، ئیلام، ورمێ و برادۆست، موکریان و مەڵبەندی»هەوەتوو»، خوێنی کوردی ڕشت و هەموو کوردە ئازادیخوازەکانی کوشت، یان لە گۆشەی بەندیخانەدا، یان لە تاراوگەدا بەرەو مەرگ و نەمان ڕەوانەی دەکردن. ڕەزاشا بڕوای بەوە بوو بریتانیا سەبەبکاری دواکەوتوویی وڵاتی ئێرانە، هەر بۆیە کاتێ هیتلێر، دیکتاتۆری ئاڵمان سەری هەڵدا، بیری لە نزیک بوونەوە لە ئاڵمان کردەوە و هەر ئەو هاوپەیمانیەی ڕەزاشا و هیتلێر، بوو بە هۆکاری داگیرکردنی ئێران لە لایەن هاوپەیمانانەوە (بریتانیا–ڕووسیا) لە ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاویدا دوای ئەوەی هیتلێر لە ئەورووپا هاوکات لە گەڵ بریتانیا و ڕووسیا خەریکی شەڕێکی ماڵوێرانکەر بوو، وا لە مێژوودا بە شەڕی دووهەمی جیهانی دەناسرێتەوە.

ڕەزا شا دەیویست وڵاتی ژێر حوکمی خۆی بباتە ئاستی وڵاتانی ئەورووپا، هەرچەندە ئەم ئاواتەی ئەو وەک شای وڵاتی ئێران لە ناوەرۆکدا ئاواتێکی ڕەوایە، بەڵام کێشەکە لەوە دابوو ئەویش وەک ئاتاتورک، فرانکۆ، مۆسۆلینی و ستالین پێی وا بوو لە پانتای ئەو وڵاتەدا کە ئەو تێیدا فەرمانڕەوایە، دەبێ سەربازخانەیەک دروست بکات و هەمووکەس یەک جل وبەرگ بپۆشن و بە یەک زمان قسە بکەن و بیر و هۆش وهزریان تەنیا لە سەر وتار و فەرمایشی ئەو کار بکات...

لە لایەکی دیکەوە ئەم ئاواتە دوور و درێژەی ڕەزاشا بۆ کورد کە بەشێک لە پێکهاتەی جوگرافیای سیاسی ئێران بوو هەر وەک پێشتر باس کرا ئاڵۆزی و ئاژاوە و ماڵوێرانی زۆری دروست کردەوە. هەر کردەوەیەکی ڕەزاشا لە کوردستاندا دژ کردەوەیەکی هەبوو، بۆ وێنە جل و بەرگی یەکدەست بۆ پیاوان کە شۆڕشی»مەلا خەلیل گۆڕئۆمەری» لێ کەوتەوە یان سەربازگیری ئیجباری کە بوو بە هۆی دژایەتی کردنی کوردانی ناوچەی سەردەشت لە ژێربڕیاری «ئۆمەرپاشای قەلەڕەشی» و ئەوەی دیارە کوردان هیچ کات لە مەڕ سیاسەتی ڕەگەزپەرەستانەی ڕەزاشادا بێ دەنگ نەبوون هەرچەندە دەست و پاوەنەکانی ڕەزاشا لە کوردستان دەستیان لە ئەنجامدانی هەموو جۆرە کردەوەیەکی خراپ دژ بە هاووڵاتیانی کورد ئاوەڵا بوو.

کاتێ لە ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی و لە ڕۆژی ٣ی خەرماناندا فڕۆکەکانی ڕووسیا شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان بۆردمان کرد و ئەرتەش واتە هێزی سەربازی ئێران هەڵوەشایەوە سەربازەکانی ئێران پرش و بڵاوکران ،گەلی کورد هەناسەیەکی هەڵکیشا و پشووی ئاسوودەیی دا.

بریتانیا و ڕووسیا ڕۆژهەڵاتی کوردستانیان وەک هەموو بەشەکانی دیکە لە ئێراندا کۆنترۆڵ کرد و لە دەوروبەری شاری سەقزەوە هەتا ڕووباری ئاراس لە ژێر ڕکێفی سوپای سۆڤیەتدا بوو. کوردان لەم بەشەدا جموجۆڵی زۆرتریان هەبوو لە بەر ئەوەی ڕووسەکان لە تەورێزو ئازەربایجاندا دەیانویست پێگەی سیاسی خۆیان بۆ داهاتوو قاییم بکەن هەر بۆیە چاوپۆشییان لە هەندێ کردەوەی سەربەخۆیی خوازانەی سیاسی کوردەکان لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی خۆیان دەکرد.

دوای دورخستنەوەی ڕەزاشا بۆ دوورگەیەک لە ئەفریقا، محەمەد ڕەزاشا، یەکەم کوڕی ڕەزاشا لە لایەن بریتانیا و سۆڤیەتەوە ئیجازەی پێدرا حوکمی ئێران بکا. ڕاستیەکەی ئەوەیە ڕەزاشا کەسی لە ئێراندا نەهێشتبوو کە ببێ بە فەرمانڕەوای ئێران، هەموو پیاوانی لێهاتووی سیاسی ئێرانیی لە ناو بردبوو. هەر بۆیە بریتانیا و سۆڤیەت بە مەجبووری ڕێگە یان بە محەمەد ڕەزاشا دا ببێ بە شای ئێران و دوای چەند مانگ ڕووس و بریتانیا ئیجازەیان بە دەوڵەتی شای ئێراندا لە چەند شوێندا یەکەی سەربازی ئێرانی جێگیر بکرێ بۆ ئەوەی هێمایەک بێ بۆ هەبوونی دەسەڵاتی ئێران وەک وڵات لە سنوورەکاندا.

بەڵام ئەم بڕیارە ورەی بە ئێراندا ڕووبکاتەوە کوردستان وکردەوەی توندوتیژی لەشکری ئێران لە سەقزو داگیرکردنەوەی سەقز و دواتر بانە لە لایەن ئەرتەشی ئێرانەوە ڕووناکبیرانی کوردی لە مەهاباد خستە ئاویلکەوە تاکوو بیرلەوە بکەنەوە ئەمجارە دەبێ مەڵبەندەکەی خۆیان بپارێزن و هەربۆیە بە نهێنی بڕیاری دروست کردنی ڕێکخراوی « کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد» یان دا کە کورت کراوەکەی بە ژێ–کاف ناوبانگی دەرکرد. لە ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی‌دا ژ– ک چالاکی تەشکیلاتی لە شارەکانی مەهاباد و چەند شاری دیکەی دەوروبەری دەست پێ کرد و بانگەوازی بۆ سەرهەڵدانی کولتووری کوردی دەکرد، ئەو کولتوورەی وا ڕەزاشا و دەسەڵاتدارانی دیکەی پێش ئەو دژایەتی‌یان دەکرد و دەیانویست بیسڕنەوە.

لە ١٣٢٤ی هەتاوی‌دا شەڕی جیهانی دووهەم کۆتایی پێ هات و بریتانیا ئێرانی چۆڵ کرد، بەڵام سۆڤیەت ئەجێندای خۆی بەڕێوە دەبرد، ئێرانی چۆڵ نەکرد و ئەمەش بریتانیا و ئێرانی خستە بزاڤەوە کە لە جیهان‌دا پڕۆپاگەندەی نەرێنی دژبە سۆڤیەت بخەنەگەڕ.

لە ٢٥ی گەلاوێژی ١٣٢٤دا ڕێکخراوی ژ– کاف دوای کۆبوونەوەیەکی فراوان ناوی خۆی گۆڕی بۆ « حیزبی دێموکراتی کوردستان». ئەم وەرچەرخانە سیاسی‌یەی ئەندامان و دەستەی سەرۆکایەتی ژ– کاف ئاماژە بە گەشەی هزری سیاسی ئەو کەسانە دەکات کە بیر لە ستراتیژی و بەرنامەیەکی درێژخایەن و تۆکمەی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی هەمەلایەنە دەکەنەوە بۆ ئەوەی ئەزموونی بەڕێوەبەریی کوردستان وەک وڵات تاقی بکەنەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پشوو درێژیەوە چاوەڕوانی ڕووداوەکانی دوای شەڕی دووهەمی جیهانی دەکرد و کاتێ لە تەورێز کۆماری ئازەربایجان بەرپا کرا و پشتگیری سۆڤیەتی بۆ ئەوان بینی، بیری لە ڕاگەیاندن و بەڕێوەبردنی کۆماری کوردستان کردوە. دیارە سەرەڕای هەموو گەشبینی‌یەکانی کورد، هەم ژ– ک و هەم حیزبی دێموکراتی کوردستان لایەنی ئەقڵ و بیرمەندیی خۆی پاراستبوو، بۆیە لە گەڵ تاران وەک پایتەختی ئێران پەیوەندی سیاسی هەبوو، لە گەڵ دەوڵەتی ئێران گفتگۆ وبیرورا گۆڕینەوەی هەبوو، سیاسەتەکانی کۆماری کوردستانی بۆ ئێرانیەکان ڕوون دەکردەوە.

لە کۆتایی‌دا لە ٢ی ڕێبەندانی ١٣٢٤دا حیزبی دێموکراتی کوردستان لە گۆڕەپانی چوارچرای مەهاباد بەسەرهەموو بارگرانی و کەندوکۆسپەکانی سەر ڕێگەیدا و لە گەڵ بەشداربوونی نوێنەرانی چوارپارچەی کوردستان کۆماری کوردستانی ڕاگەیاند و لاپەڕەیەکی نوێی لە مێژووی خەبات و بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد و فەرهەنگی کوردایەتی مۆدێرن‌دا هەڵدایەوە و بە هەموو جیهانی نواند کە کورد خاوەنی ئیرادەیە و دەیەوێ و دەتوانێ هاوسەنگی بۆخۆی و ناوچەکە بپارێزێ بەو مەرجەی پشت گوێ نەخرێ و بە گەلە کۆمەکی و فێڵ و تەڵەکە لە گەڵی هەڵسوکەوت نەکرێ.

هەرچی بێ ٣ی خەرمانانی ١٣٢٠ی هەتاوی دەستپێکی چیرۆکێکی ئاڵۆزوسەیری سیاسی‌یە کە دەسکەوتێکی مێژوویی بۆ کورد هەبوو هەرچەندە بە خوێنی سووری سەرۆک کۆماری کوردستان لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی‌دا ڕەنگین کرا.


J.K
بەناوی یەزدانی گەورە و بەرز
بەیان نامەی ژمارە ٣١٢ ڕۆژی دوویەمی خەزەڵوەری ١٣٢٣

نموونەیەک لە بەیاننامەکانی (ژ.کاف) لە 551 ی کتێبی مێژووی مەهابادی سەید محەممەدی صەمەد

لە ڕۆژهەڵاتەوە...

# چی بکرێت باشە؟



**خالید محەممەدزادە**

دۆخی سیاسی‌و چالاکییەکانی نێوخۆی ڕۆژهەڵات، هیچ لە دۆخی سیاسی‌و چالاکی سیاسی ڕۆژهەڵاتیەکانی دەرەوەی وڵات باشتر نیە، لە ڕاستی دا دۆخی سیاسی‌و ئاستی چالاکییەکان لە ڕۆژهەڵات زیاتر لە ژێر کاریگەری فەزای گشتی ئێرانە، ئەمەش وایکردووە چەند ساڵ جارێک بۆ نموونە لە ژێر کاریگەری فەزای کاتی هەڵبژاردن کۆمەڵێک چالاکی‌و جموجول ببینرێن‌و پاش هەڵبژاردنەکانیش کۆتایی بە هەر جووڵەیەک بێ.

ڕەنگە چالاکیی سیاسی فەزای هەڵبژاردن لەم ساڵانە بەرچاوترین چالاکی بێ کە ئەمەش بە ئاراستەی پەلکێشکردنی کۆمەڵێک بەرنامەی هەڵبژاردن بۆ کوردستان‌و خۆگونجاندنی مەحفەلی لە گەڵ ئەم بەرنامانە خۆ ببینێتەوە کە لە دواجار هاوڵاتی‌و پرسی کوردستانی بوون‌و خواستە باڵاکانی خەڵک لە دەرەوەی ئەم چالاکیانەیە.

لە وەها دۆخێکدا ئەم جموجۆڵانە پێویستی بە فۆرماتکردنەوەو ڕێکخستن‌و پێویستی بە بەرفراوانکرنەوەی کۆی چالاکییەکان‌و قەتیس نەمانەوەی لە دەورەیەکی زەمانی‌و مەحفەلییە.

لە ڕاستی دا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هیچ فۆرمیکی هاوبەشی گشتی بۆ چالاکی نیە، فۆرمێک نیە لە سەر بنەمای هاووڵاتی بوون‌و هاووڵاتی میحوەر، فۆرمێک نیە کە تەعبیر لە کۆی خواستەکانی کۆمەڵگا بکات‌و بە جۆرێک بەشێکی زۆری کۆمەڵگا خۆی تێدا ببینێتەوە، هەر ئەمەش وایکردوە تەنانەت لە هیچ هەڵبژاردنێک فۆرم‌و لیستێکی کوردی نەتوانێ بە پێناسەی کوردستانی بوونەوە بەشداری پرسەکە بکات، ئەمە ئەگەر بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگربوونی ساختاری سیاسی بە تەعبیرێکی‌تر دەلالەت لە نەبوونی بەرنامەیەک لەم هەرێمە دەکات کە خوی لە سەر بنەمای خواستە جەماوەرییەکان فۆرمات بکاتەوە.

خەسارناسی ئەم دۆخەو کۆی ئەو چالاکیانە چەندین شێوازی‌تر جگە لەو ڕێگایانەی تاقیکرانەوە دەخوازێ، لە ڕاستی دا ڕەهەندی ناوەندگەرایانەو بارگاوی بە خواستی لایەکانی حکوومەت‌و ڕوانینی دەسەڵاتمیحوەرانە چی تر ناتوانێ چاوەڕوانیەکانی هاووڵاتی کورد لە ڕۆژهەڵات بە دی بێنێ.

پرش‌و بڵاوی ڕیکخراوو گرووپەکان‌و گرتنە بەری میتۆدی هەرکەس بۆ خۆی‌و ئۆمێد بەستن بە لاباڵەکانی حاکمییەت بە ئۆمێدی وەرگرتنی زۆرترین ئیمتیازی گرووهی‌و تەسلیم بوون بە دابەشکردنی کورد لە سەر بنەمای مەزهەبی‌و ڕوانینی حکوومەتی‌و تێکشاندنی هەر فۆرمێکی هاوبەشی کوردبوون لەم هەرێمە ئەزمونێکی تاقیکراوەو بێ بەرهەم بووە.

لە ئێستادا پێویستە بە سود وەرگرتن لە هەڵەکانی ڕابردوو کار لە سەر پێکهینانی فۆرمێکی گەورەی هاوبەش لە سەر بنەمای کوردستانی بوون لە ڕۆژهەڵات بکرێت، فۆرمیک کە بتوانێ نوێنەرایەتی کورد لە ئێران بکات. لە ڕاستی دا کۆی ئەم گرووپانە توانای گەیشتن یان بە دەسەڵات نیەو ئەمە لە گەڵ ئەوەی هیچ کارێکی مەیدانداریشیان نەکردوە، لە دۆخێکی وادا فۆرمێک لە کاری سیاسی پێویستە بۆ ڕێکخستنەوەو سەر لە نوێ بەرپرسیاربوون بەرامبەر بە کۆمەڵگا، فۆرمێک کە بتوانێ هەڵقوڵاوی نێو ڕای گشتی بێ‌و بەشێک نەبێ لە ململانێی جیناحی سیستمی سیاسی بۆ کوردستان. فۆرمێک کە نوێنەرایەتی کورد بکات بۆ ناوەند نەک نوێنەرایەتی ناوەند بۆ کوردستان،

بە سەراحەت قسە بکەین هەموو جۆرە فۆرمێکی نوێنەرایەتیکردنی سیستم بۆ کوردستان شکستی خواردووە، دەکریت ئەم فۆرمانە لە دواجار هەندێ ئیمتیازاتی شەخسی‌و گرووپی لیکەوتەوە بەڵام ئیمتیازاتی مەحفەلی‌و تاکەکەسی، ئیمتیازاتی جڤاکی نیە.

ئەوەی لە ئێستا پێویستە نوێنەرایەتی حکوومەت لە کوردستان نیە، نوێنەرایەتی هێزەکانی دەرەوەی ئەم کۆمەڵگایە بۆ ڕۆژهەڵات‌و توانەوە لەو بەرنامانە نیە کە کۆمەڵگای کوردییان بۆ وەلایی دان بە خۆیان دەوێ، بەڵکوو نوێنەرایەتی خەڵکە لە ئاست‌و شوێنە جیاوازەکان‌و بوون بە تریبونی ئەم کۆمەڵگایە. کۆمەڵگایەک پڕ لە خواستی جیاواز بەڵام بێبەش لە بالێوزو تریبونێک بۆ گواستنەوەی ئەم خواستانە. تریبوونی هاوردەکردن بگوازرێتەوە بۆ تریبونی هەناردەکردن‌و هاووڵاتی‌و کۆمەڵگای کوردی بنەمای ئەم چالاکیانە بی.

لە گەڵ ئەوەش ئەرکی ئۆپۆزیسیونی کوردی‌و ئەو هێزانەی کە ساڵانێکە لە لایەن حکوومەتەوە چالاکیان قەدەغەکراوە کراوە، هەڵشاخان بە ڕووی ئەم نۆرمە لە چالاکی نیە، بەڵکوو دەبێ ئەمانیش بتوانن ئەم فۆرمە لە خەباتی کوردستانی لە سەر بنەمای ڕۆژهەڵات بە زیندوویی بهێڵنەوە، چون لە دواجار بە زیندوو هێشتنەوەی کۆمەڵگاو بە ئاگاهێنانەوەی لە سەر خواستەکانی، نوێنەرایەتی ڕاستەقینە دەخولقێنێ‌و بەر بە فیرودانی وزەو خواستەکانی و نوێنەرانی کارتۆنی دەگرێت.



# کێشەی پەنابەران، کارەساتێکی مرۆیی

ڕەزا محەممەدئەمینی

لە چەند مانگی ڕابردوورا بەملاوە، بە سەدان هەزار کەس لە خەڵکی ولاتە شەڕلێدراو و بەڵاڵێدراوەکانی باکووری ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە کۆمەڵ ولاتی خۆیان بە جێ دەڵێن و ڕوو لە ولاتانی ئورووپایی دەکەن. هەرچەند لە ڕابردووش دا ولاتانی پێشکەوتووی جیهان، بە تایبەت ولاتانی ئوروپایی لەگەڵ دیاردەی پەناخوازی نائاسایی بەرەوڕوو بوون، بەڵام شەپۆلی ئەم جارە زۆر جیاوازە و ڕێژەی ئاوارەکان لە چاو ساڵانی پێشوو گەلێک زیاترە، بە چەشنێک کە ولاتانی ئیتالیا ناوی «سوونامی پەنابەرانی» لێ ناوە.(١)

لەو پەیوەندییە و، قەرارە ڕۆژی چوارشەمۆ ٢٣ی خەرمانان (١٤ی سپتامبر) بۆ باس لەم کێشەیە و دیتنەوەی ڕێگای گونجاو بۆ بەرەوڕوو بوون لە گەڵ ئاکامەکانی، وەزیرانی ناوخۆ و دادی یەکیەتیی ئورووپا لەگەڵ یەک کۆببنەوە.(٢) ڕێژەی پەنابەران بە ڕادەیەکە کە ولاتانی ئورووپایی، بە تایبەت ئاڵمان و هولەند و ئیتالیا و یۆنان، ناچار بوون ئەم ئاوارانە لە یاریگاکان دا جێ بکەنەوە. دەوڵەتی ئاڵمان ڕایگەیاندوە ڕەنگە هەتاکۆتاییەکانی ئەم ساڵ، واتە ١٩١٥ زایینی، ٨٠٠هەزار هەتا یەک میلیون پەناخواز ڕوو لە ولاتەکەی بکەن. دیارە ئامانجی زۆربەی پەنابەران گەیشتن بە ولاتی ئاڵمانە، وەک گەورەترین ولاتی پێشکەوتووی ئورووپایی.

لەو چەند مانگەی ڕابردوو دا بە دەیان تراژدیی ئینسانی ڕووی داوە و هەزاران کەس لە دەریای ناوەڕاست و لە سەر سنووورە ئاویی ویشکانییەکانی ولاتانی ئیتالیا و یونان لە گەڵ مردن و خنکاندن لە ناو ئاو یان لە ناوماشێنە بارهەڵگرە گەورەکان دا بەرەوڕوو بوون. ڕۆژ نییە ڕۆژنامە و ڕاگەیەنەگشتی‌یەکان باس لە ڕوودانی کارەساتێکی مرۆیی نەکەن، بە چەشنێک کە ڕێبەرانی ولاتانی پێشکەوتووی جیهانی ناچار کردەوە هەرچی زووتر لە بەرامبەر ئەم دیاردەیە هەڵوێست بگرن و ڕێگا چارەیەک بدۆزنەوە و چیدی ئەو ڕێژەیە زۆرە لە ژن و منداڵی ئاوارە کە تەنیا تاوانەکەیان ڕاکردنە لە شەڕو ماڵوێرانی لە ولاتەکانیان‌دا، تووشی وەها مەرگێکی دڵتەزێن نەبنەوە.

لە پەیوەندییە دا و بۆ دووبارە نەبووبەوەی کارەساتی وەک مردنی ٧١ پەناخواز لە ناو کامیونێک دا، ولاتانی ئاڵمان و فەرانسە داوایان لە ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ئوروپا کردوە لەگەڵ پەناخوازان نەرمی بنوێنن و چی دیکە نەبنە ڕێگر لە بەردەم ئەو ئاوارانەی ڕوویان لە ئوروپا کردوە. فرانک والتێرئیشتان مایر، وەزیری کار و باری دەرەوەی ئاڵمان داوای لە ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ئورووپا کردوە دەست لە بەر بەرەکانی لە ئاست وەرگرتنی پەنابەران هەڵگرن و بە هاوکاری لەگەڵ یەکیەتیی ئوروپا تێبکۆشن ئەو کێشەیە چارەسەر بکەن.(٣) ئەوە لە حاڵێک دایە ولاتی مەجارستان بۆبەرگیری کردن لە هاتنی شەپۆلی پەناخوازان دیوارێکی لە ئاسن و تێل دروو بە درێژایی ١٧٥ کیلومتر لە سنووری نێوان خۆی و سێربستان‌دا کێشاوە و هێزێکی زۆری لە سنوورەکان جێگیر کردووە.

بە پێی کۆنوانسیونی ژنو کە لە ساڵانی ١٩٥١ لە نێوان ولاتە پێشکەوتووەکانی جیهان پەسەند کراوە، پێویستە ئەو ولاتانە لە ئاست پەناخوازان دا بێ‌دەنگ نەبن و هەموو ساڵێ ڕێژەیەک پەنابەر کە کۆمیسارپای بەرزی پەنابەرانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان کە بەUNHCR ناسراوە، بۆیان دیاری دەکا، لە ولاتی خۆیان دا وەرگرن و لە هەموو بارەیەکەوە بیان‌حاوێننەوە. دیارە ئەمە جگە لەو پەنابەرانەیە کە ڕاستەوخۆ لەڕێی مەترسیداری قاچاغەوە خۆیان دەگەێنە ئەو ولاتانە و داوای پەنابەری دەکەن . هەر لەو ڕێگایەش دایەکە لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا، دەیان هەزار مرۆڤ کە لە ناویان دا هەزاران ژن و منداڵی تێدا بووە، تێدا چوون و سەریان ناوەتەوە.

لە ڕاستی دا هەر ئێستا سەدان هەزار کەس لە پەنابەران لە یونان و ئیتالیا لە بارودۆخێکی گەلێک خراپ دا دەژین و چاوەڕوانن لە دەرفەتێک دا خۆیان بگەیێننە ئە ولاتانەی پەنابەر وەرگری ئوروپایی. بەڵام پرسیار ئەوەیە سەرەڕای ئەو مەترسیانەی لەسەر ڕێی بەنابەران دا هەیە، بۆچی ساڵ لەگەڵ ساڵ و ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم دیادەیە تەشەنە دەستێنێ و ڕوو لە زیادبوون دەکات؟

لە یادی ٦٠ ساڵەی کۆنوانسیونی ژنێڤ لە ساڵی ٢٠١١ دا، کۆمیسارپای بەرزی پەنابەران ڕایگەیاند کە لەو ماوەیەدا ٤٣میلیون کەس بەهەر هۆیەک بێ لە ولاتانی خۆیان ئاوارە بوون و ڕوویان لە شوێنی دیکە کردوە.(٤) دیارە لە ٢٠١١ ڕا هەتا ئەمرۆکە، بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی شەڕی ناوخۆیی لە ولاتانی ئەفغانستان و عێراق و سووریە و لیبی و سەرهەڵدانی داعەش، دەکرێ بڵێین نزیکەی ٥ میلیون ئینسان ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ‌هێشتوە. بە وتەی کاربەدەستانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، هەر ئێستا نیزیکەی دوو میلیون ئاوارەی عێراقی و سووری، پەنایان بۆ هەرێمی کوردستان هێناوە. دیارە ولاتانی دراوسێ عێراق و سووریە، هەر هەموویان لەگەڵ کێشەی پەنابەران و ئەو ڕێژە زۆرە لە خەڵکی ڕاکردوو لە شەڕ بەرەو ڕوون و بۆ دابینکردنی جێ و ڕێی پێویست بۆ ئەو پەنا بەرانە، داوای هاوکارییان لە un و ولاتە پیشکەوتووەکان کردوە.

شک لەوە دانییە سەرهەڵدانی نائارامییەکان لە ولاتانی عەرەبی کە بە بەهاری عەرەبی ناوی دەرکرد! وهەڵگیرسانی شەڕ و پێک دادان لەو ولاتانەدا و بە تایبەت شەڕی نێوخۆیی لە عێراق و سووریە، هۆکاری سەرەکی بووە بۆ وەڕێ کەوتنی شەپۆلی بێ وێنەی پەناخوازان کە ئیستا بەمشێوەیە بەرۆکی مرۆڤایەتی گرتووە. بەڵام ناکرێ بڵێین دیاردەی کۆچ کردن و پەنابەری تەنیا ڕیشەی لە شەڕەکان‌دا هەیە وئەگەر شەڕ و کێشەی نێوخۆی ولاتان نەبێ، ئەم دیاردەیە کۆتایی پێ‌دێ. لە ڕاستی‌دا کێشەی کۆچی نائاسایی و ڕوو لە هەندەران کردن دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک کە دەکرێ لە سێ تەوەری مێژوویی، سیاسیی و ئابووری‌دا باسی لێوە بکەین.

لە باری مێژووییەوە زۆربەی ئەو ولاتانە کە لە ئافریقا و ئاسیا و بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست‌دا لە پاش شەری جیهانی یەکەمەوە دروست بوون، بەبێ لەبەرچاوگرتنی پێکهاتەی ئێتنیکی خەڵکەکەی بووە؛ بۆ وێنە، ئەگەر سەیری نەخشەی قاڕەی ئافریقا بکەین بە ڕوونی دیارە ئەو ولاتانە و نەتەوەکانی، بە شێوەی هەندەسی دابەش کراون و زلهێزەکان ڕۆڵی مێژوویی و سەرەکییان هەبووە لە دروست کردنی ئەو کێشانەی کە بەردەوام بەرۆکی خەڵکی گرتووە و زۆر جاران کارەساتی گەورەی مرۆیی لێ‌کەوتۆتەوە. لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بە هەمان شێوە، ئەو ولات ودەوڵەتانەی کە لەسەر پەیمانی «سایکس ـ پیکۆ» لە ساڵی ١٩١٦و دواتر لە پاش تەواوبوونی شەڕی یەکەمی جیهانی لە لایەن فەرانسە و بریتانیاوە سازکران، وەک سووریە و عێراق کە ئەمڕۆکە بوونەتە گۆمی خوێن و خەڵکی لە بەری هەڵدێن، هیچ بنەمایەکی نەتەوەیی یەکدەستی تێدا ڕەچاو نەکراوە و کورد و عەرەب و شیعە و سوننە و عەلەوی مەسیحی، بەبێ ویستی خۆیان لێک گرێ دراون و زۆر سروشتییە وەک دەبینین کێشەی وەها خوێناوی لێ‌شین دەبێتەوە.

لەباری سیاسییەوە زۆربەی ڕێژیم و حکوومەتەکانی زاڵ بەسەر ئەم ولاتانەدا دیکتاتۆری و سەر بە یەکێک لە پێکهاتەکانی ئەو نەتەوانەن و لە ئاکام‌دا نەتەوەکانی دیکە هەمیشە وەک هاوولاتی دەرەجە دوو سەیر دەکرێن و لەگەڵ سەرکوت و زەبرو زەنگ بەرەوڕوو دەبن. لێرەش دا نموونە زۆرن کە دەکرێ باس لە نەتەوەی خۆمان بکەین کە لە هەر چوارپارچەی کوردستان لەگەڵ سەرکوت و کوشت و بڕ بەرەوڕوو بووەو تەنانەت جینۆسایدیش کراوە. هەر بۆیەش زۆرێک لە خەڵکی ئەم ولاتانە، بەتایبەت چالاکوانانی بواری سیاسی و فەرهەنگی ناچار کراون لە ترسی زیندان و لەسێدارە دران، ڕوو لە هەندەران بکەن و لە ولاتانی ڕۆژئاوایی کە بنەماکانی ئازادی و دێموکراسی تێیان‌دا بوونی هەیە، بگیرسێنەوە.

لەباری ئابوورییەوە دەکرێ ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە بەگشتی جیهان بە سەر دوو بەرەی جیاوازدا دابەش بووە، لەلایەک ولاتانی پێشکەوتوو کە زۆربەی هەرە زۆری سەروەت و سامانی جیهانی لە خۆیان دا کۆ کردۆتەوە و سەرەڕای بوونی چین و توێژە هەژار و مام ناوەندییەکان، ژیان و گوزەرانی خەڵکی بە بەراورد لەگەڵ ولاتانی دیکەدا زۆر لە ئاستێکی بەرز دایە و لە لایەکی دیکە، ولاتە هەژار و کەم داهاتەکان لە جگەلە هەژاری لەڕادە بەدەر، لەگەڵ زۆر کێشەی ماڵوێرانکەری دیکە وەک، قاتی و قڕی و ویشکەساڵی و نەخۆشی و ... بەرەو ڕوون، بێ هۆ نییە ئەو دوو بەرەیە بە ولاتانی باکوور و ولاتانی باشوور (جگە لە ئوسترالیا ) ناسراون.

کەوابوو بە لەبەر چاوگرتنی ئەو ڕادەیە لە فەرق و جیاوازی لە ژیان و گوزەران لەو دوو بەرەیەدا و بۆ ڕزگاربوون کە دەست هەژاریی و برسییەتی و دیاردەکانی دیکەی ئەو کۆمەڵگە دواکەوتوانە، خەڵکی مەترسییەکانی ئەو ڕێگە سەخت و دژوارە کە هەر وەک هەموو ڕۆژێ دەیبینین و دیبیسین بە هەزاران کەس دەکاتە قوربانی، دەگرنە بەرو بەرەو ژیان و داهاتوویەک دەڕۆن کە لە هەموو بارێکەوە لەگەڵ ئەوەی کە تێیدا دەژیان جیاوازی هەیە. بۆ وێنە ئەگەر ژیانی بنەماڵەیەکی ڕووت و برسیی و هەژاری ولاتێکی وەک سومالی یان سوودان یان هەر کام لە ولاتانی ئەفریقایی لەگەڵ ژیان و گوزەران و ئیمکاناتی بنەماڵەیەکی دیکەی خەڵکی ئەو ولاتانە کە بە هەر چەرمەسەرییەک بێ چەند ساڵێکە خۆی گەیاندۆتە ولاتانی پەنادەر، بەراوەرد بکەین دەبینین لە بنەڕەت‌دا فەرقی هەیە و لێک جیاوازە؛ هەر بۆیەش بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشکەوتن و ئاسانکارییانەی لە ئامرازەکانی پێوەندی‌گرتن‌دا ڕووی داوە، خەڵکی ولاتانی هەژار دەزانن بۆ خۆیان چۆن دەژین و خزم و دەر و جیران و ئەو کەسانەی ڕوویان لە هەندەران کردوە، چ ژیانێکیان هەیە و هەر زۆر زوو، لە هەوڵ دا دەبن بە هەرنرخێک و بە هەر شێوەیەک بێ خۆیان بگەیەننە دەرەوەو لە یەکێک لە ولاتانی پێشکەوتوودا نیشتەجێ بن.

بێگومان گرتنە بەری ئەو ڕێگایە و دەرباز بوون لە مەترسییە مەرگ هێنەرەکانی قاچاغەری و سەرئەنجام قەبووڵکرانیان کە لایان ولاتانی ئوروپایی، نە وا هاسانەو نە ڕێگە چارەیەکی گونجاوە بۆ دەرباز بوون لە هەژاری و بەرسیەتی. چونکە لە لایەک ئەگەر وای دابنێن خەڵک لەبەر هەژاری و نەداری دەبێ ڕوو لەو ولاتانە بکەن؛ ڕەنگە هەموو خەڵکی ئەفریقا و بەشێکی زۆری ولاتانی ئاسیایی بە مافی خۆیانی بزانن بەرەو ولاتانی ئیسکاندیناوی و ئاڵمان و کانادا و بە گشتی بەرەو بەرەی باکوور بڕۆن !! ئەمە نە ڕێگا چارەیە و نە ولاتە پێشکەوتوەکان بە زۆر هۆ، یەک لەوان مەوترسی سەرهەڵدانی ڕاسیسم و ڕەگەزپەرەستی و گۆرینی دێموگرافی و پێکهاتەی نەتەوەیی ئەو ولاتانە ئەوە قەبووڵ دەکەن و ئەو کێشەیە بۆخۆیان پێک دێنن. هەرچەند ڕۆژ لە مەو بەر «ئانگێلامیرکێل» سەدری ئەعزەمی ولاتی ئاڵمان بە ڕاشکاوی ڕایگەیاند کە: بۆ ئەوەی بتوانین یارمەتی بە لیقەوماوانی ڕاستەقینە بکەین، بەوکەسانەی کە مەترسی یان لەسەر نییە دەڵێین ناتوانن لای ئێمە بمێننەوە.(٥)

لەو ماوەیەدا دەستەو تاقمە ڕاستە ئیفراتییەکانی ناسراو بە «پگیدا» بەرەدەوام هێرشیان کردۆتە سەر کەمپەکانی نیشتەجێ بوونی ئاوارەکان و سووتاندویانە. لەو بەینەدا بەتایبەت ئەیالەتی زاکس لە ڕۆژهەڵاتی ئەو ولاتە زۆرترین توندوتیژی لێ ڕوودەداوە و لە هەر چوار هێرشەی دەکرێتە سەرکەمپی پەنابەران، یەکیان لەو ئەیالەتە ڕووی‌داوە. جگە لەوەش دەبینین لە ولاتێکی پەنابەر وەرگرێ وەک سوئد یان دانمارک و فەرانسە و تەنانەت تا ڕادەیەک ولاتی هولەندیش، حیزبە دەستەڕاستەکان بە پڕوپاگەندەکردن بە دژی پەنابەران و هەڵگرتنی ئالا و سەردانی دروشم دژی ئەو کەسانەی کە پێیان دەڵێن «سەر ڕەش» و ئەجنەبی، توانیویانە دەنگی زۆری جەماوەر بۆ لای خۆیان ڕاکێشن و ببن بە حیزبی دووهەم و سێهەم لە مەیدان سیاسەتی ئەو ولاتانەدا. بێگومان لە داهاتوودا لەلایەک بە لەبەر چاوگرتنی شەڕو ماڵوێرانی لە ولاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، شاهیدی بەردەوام بوونی کۆچ بەرەو هەندەران دەبینن و لە لایەکی دیکەش بە ڕوونی دیار و بەرچاوە کە ڕەوتی ڕەگەز پەرەستی و توندوتیژی بە دژی پەنابەران، لە هەموو ولاتانی پەنادەر لە زیاد بوون دادەبێ.

باشترین ڕێگا بۆ بەروڕوو بوونەوە لەگەڵ دیاردەی کۆچی نائاسایی و کەم کردنەوەی شوێنەوارە تراژدی‌یەکانی ئەویە، ولاتە زلهێزەکان وەک ئەمریکا و بریتانیا و بە گشتی ئەو ولاتانەی لە مێژوودا ڕۆڵی نەرێنی یان هەبووە لەو کێشانەی ئێستا بوون بە مەرگەساتی کۆمەڵانی خەڵکی لەو ولاتانەدا، هەوڵ بدەن و تێبکۆشن بە پەرە پێدانی عەداڵەتی کۆمەڵایەتی و یەکسانی و هەنگاوتان بەرو دێموکڕاسی و چارەسەری کێشەی نەتەوە و ئایینەکان لە ڕێی هەڵوەشاندوەی پەیمانە داسەپێندراوەکانی وەک «سایکس ـ پیکۆ»، ڕێگربن لە شەپۆلەکانی کۆچی بە کۆمەڵ و هەڵاتن لە ترسی پاکتاوی نەژادی و کوشتاری خەڵکی بێ تاوان. هەتا شەڕو ماڵوێرانی هەبێ، هەتا نابەرابەری لە دابەش کردنی سەروەت و سامان و سەرمایە هەبێ و دونیا بەسەر دوو بەری هەژارەکان و دەوڵەمەندەکان دا دابەش کرابێ، هەتا کێشەی ئایینی و ئەتنیکی و ئەو کیشانەی کە دەستکردی ئیستیعمارو ولاتانی زلهێزن بە شێوەی ئاشتیانە و دادپەروەرانە چارەسەری نەکرێ؛ کێشەی کۆچی نائاسایی و کۆچ بار بوون، هەر دەمێنێ و بەرەبەرە زەق تر خۆ دەنوێنێ.



**لە ڕاستی دا هەر ئێستا سەدان هەزار کەس لە پەنابەران لە یونان و ئیتالیا لە بارودۆخێکی گەلێک خراپ دا دەژین و چاوەڕوانن لە دەرفەتێک دا خۆیان بگەیێننە ئەو ولاتانەی پەنابەر وەردەگرن**

**سەرچاوەی شومارەکانی ١هەتا ٥ سایتی رادیو فارسی ئاڵمان»دۆیچەوەلە«یە.**



# پەروەردە بە زمانی کوردی لە ئێران دا

**ڕێبوار مەعروفزادە**

حەسەن رووحانی، سەرۆک کۆماری ئێران، لە سەفەری خۆی بۆ پارێزگای سنە باسی وتنەوەی زمان و ئەدەبیاتی کوردی لە سەرەتای سالی ١٣٩٥ و هەروەها کردنەوەی بەشی کوردی هەوالدەری دەوڵەتی ئێرنای کرد. ساڵی ڕابردووش لە مانگی رەشەمەی ساڵی١٣٩٣، بۆ یەکەم جار لە مێژووی کۆماری ئیسلامی ئێران دا، کتێبی (وانەی کوردی (تایبەت بە خۆلی یەکەمی ناوەندی لە قوتابخانەیەکی شاری سەقز بە سەر قوتابیان دا بڵاو کرایەوە.

بە پێی ماددەی ١٥ی یاسای بنەڕەتی ئێران، لەگەڵ ئەوەدا زمانی فارسی وەک زمانی فەرمی وڵات دەستنیشان کراوە بەڵام کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایکی چ وەک وتنەوە لە قۆتابخانەکان و چ وەک بەکارهێنان لە گۆڤار و بڵاوکراوەکان بۆ نەتەوە غەیرە فارسەکان ڕێگە پێدراوە. حەسەن ڕووحانی لە کەمپەینی هەڵبژاردنی خۆی بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری بەڵێنی جێبەجێ کردنی ئەو مافانەی دابوو کە لە یاسای بنەڕەتی ئێران دا هاتوون، بەڵام پشت گوێ خراون.

باسی وتنەوەی زمانی کوردی یا پەروەردە بە زمانی کوردی لە ئێراندا شتێکی تازە نیە و لە سەردەمی خاتەمیش ئەو باسە هاتە ئاراوە؛ لە کابینەی دووهەمی خاتەمی، وەزارەتی خوێندنی باڵا ئیزنی کردنەوەی بەشی زمان و ئەدەبیاتی کوردی دا بەڵام ئەو بابەتە جێبەجێ نەکرا.

### دژبەرانی پەروەردە بە زمانی دایکی

ئەوانەی لە ئێران دژایەتی پەروەردە بە زمانی دایکی دەکەن، باس لەوە دەکەن کە سیستمی پەروەردەی چەند زمانی، ئێران بەرەوە هەڵوەشاندن دەبا و بەستێنی جیایی نەتەوەکان پێکدێنێ. موهەندیس ئەدەب، نوێنەری کوردی پارلمانی ئێران لە خولی پێنچ و شەش، لە ساڵی ٢٠٠٧ و لە وتوویژ لەگەڵ سایتی دویچە ولەی فارسی، وڵامی ئەو ڕوانگە نادێموکراتیک و نامرۆڤی‌یە دەداتەوە. ئەدەب دەڵێ کە لە وڵاتی سوئیس، خەڵک بە چوار زمانی ئیتالی، فەرانسەوی، ئینگلیسی و ئاڵمانی قسە دەکەن، بەڵام ئەو وڵاتە یەکگرتوو دەمێنێتەوە. یاسایەک لە فیزیک دا هەیە کە دەڵێ هەر کردەوەیەک، کاردانەوەیەکی لێ دەکەوێتەوە. کاتێک لە وڵاتێک ڕێز لە کەلتووری جۆراوجۆر دەگیرێ، خەڵکیش ڕازین و لەگەڵ یەکتر دەژین. بەڵام کاتێک هێزێکی باڵادەست و دەسەڵاتێکی دەوڵەتی نکۆلی لە ناسنامەی ئەوان دەکا، خەڵکیش بەرگری دەکەن. ... لە وڵاتی ئێران زمانی عەرەبی و ئینگلیسی (لە قۆتابخانە و زانکۆکان دا) دەوترێتەوە بەڵام بۆ دەبێ زمانی کوردی یا زمانەکانی دیکە پەراوێز بخرێ. ئەوە مافی بێ ئەملاوئەولای مرۆڤەکانە کە کەلتووری خۆیان بپارێزن. زمان دیارترین پێناسەی کەلتووری هەر ئێتنیک و نەتەوەیەکە.

باسێکی دیکە کە لە لایەن دژبەرانی پەروەردە بە زمانی دایکی دێتە ئاراوە ئەوەیە کە ئەو زمانانە توانای زانستی پێویسیان نیە. هەموو زمانێک توانای گەشەکردنی هەیە و ئەوە ڕاست نیە کە زمانێک لە بنەڕەتدا لە زمانێکی دیکە لاوازتر یان بە تواناتر بێ. هەر زمانێک کە کاری پێ بکرێ، توانای ئەو زمانەش زیاتر دەبێ. زمانی تورکی کە لە ئێران وەک زمانی ئەقوام لەقەڵەم دەدرێ، لە زانکۆ، میدیا، دەوڵەت و پارلمانی تورکیە و ئازەربایجان کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. زمانی عەرەبی کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە زمانی ئەقوام ناوی دەبا لە زیاتر لە بیست وڵات کەڵکی لێ وەردەگیردرێ. ئێستا زمانی کوردییش لە وەزارەتخانەکانی دەوڵەت، زانکۆکان، قۆتابخانەکان و بڵاوکراوەکان بەکار دێ.

هەروەها ئەگەر پێوەری زانستی بوون تەنیا بنەمای هەڵسەنگاندنی یەک زمان بێ، توانای زمانی ئینگلیسی لە زمانی فارسی یەکجار زۆرترە و دەکرێ لە چەند دەیەدا زمانی ئینگلیسی بکرێ بە زمانی هاوبەش و فەرمی ئێران. ئەوەی ئەمرۆ توانای زانستی زمانی فارسی لە زمانی کوردی زیاترە لە لایەک بەرهەمی پشتگیری سیاسی لە زمانی فارسی لە ئێران و تەرخانکردنی سەرمایەیەکی ماددی یەکجار زۆرە و لە لایەکی دیکە بە هۆی پەراوێزخستی زمانی کوردی لە لایەن سیستمی سیاسی زاڵ بەسەر ئێران دایە.



### زمان وەک بابەتێکی چەند ڕەهەندی

بابەتی پەروەردە بە زمانی دایکی یا بە شێوەیەکی بەرتەسکتر وتنەوەی زمانی دایکی نەتەوەکانی غەیرە فارس لە قوتابخانەکان بابەتێکی چەند ڕەهەندییە. لە ئێران دا زمانی جۆراوجور هەیە کە فێربوون و بەکارهێنانی ئەو زمانانە پێویستی بە تەرخانکردنی کات، سەرمایەی مادی و بوونی فەزایەکی کۆمەڵایەتی لەبار هەیە. بۆ نموونە دەوڵەتی ئێران ساڵانە پوولێکی زۆر بۆ چاپکردنی کتێبی زمانی فارسی و دابینکردنی ماموستای زمانی فارسی تەرخان دەکا. ساڵانە خەرجێکی زۆر دەکرێ تا فیلم، پرگرامی تەلەڤیزیونی و بڵاوکراوەی جۆراوجور بە زمانی فارسی بەرهەم بێ. کەوایە سیستمی پەروەردەی فرەزمانی بەستێنی بەشداری زیاتری نەتەوەکانی ئێران لە ئابووری ئێرانیش دەرەخسێنێ.

زمان بەشێکە لە پێناسەی نەتەوەیی و هەر بەم هۆیە باشتربوونی پێگەی زمانی کوردی و زمانی نەتەوە غەیرە فارسەکان لە ئیران، شۆناسی کەلتووری-سیاسی ئەو نەتەوانەش لە ئاستی ئێران بەرز دەکاتەوە. ئێستا کە لە هەڵبژاردنی پارلمانی خولی دەهەمی ئێران نزیک دەبینەوە، ڕەوتە سیاسی‌یەکانی نێوخۆ پێویستە وەبیر ڕووحانی بێننەوە کە ئەو ٥٠،٧١ دەنگەکانی هێناوە لە حاڵێکدا لە پارێزگای کوردستان زیاتر لە ٧٠٪ دەنگدەران، دەنگیان بە رووحانی‌دا. هەروەها پێویستە جەخت لەوە بکرێتەوە لەگەڵ ئەوەی کە لە وتنەوە یا پەروەردە بە زمانی کوردی پێشوازی دەکرێ، بەڵام داواکاری نەتەوەی کورد لە ئێران بەوە کۆتایی پێ نایە و کورد داواکاری بەشداریی سیاسی-ئابووری-کولتووری زۆر بەرفراوانتری لە چوارچیوەی ئێران دا هەیە.

**سەرچاوەکان:**

**اهمیت زبان مادری در چیست؟، سایت دویچه وله**

**اموزش به زبان مادری؛ فرصت یا تهدید؟، شاهد علوی، سایت روز انلاین**

**گام تازه دولت برای اموزش زبان کردی، ریشەها و واکنش ها، از سایت:**
http://iranwire.com/features/٧٨٦٣/

**با پایان شمارش اراء، کلید پاستور به روحانی رسید، سایت تابناک**

# سونامی کۆچ و هەڵە مێژووییەکانی زلهێزان

**تەهای ڕەحیمی**

کۆچ، ئاکام و بڕیاری بەسەرداسەپاوی ژیان و حاڵێکی شپرز و، لێکەوتەی پەنگی هەزاران تەنگ و چەڵەمە و کۆڵەواری، پاڵپێوەنانی ئازارێکی بێ کۆتاییە! کۆچ هەڵاتن لە سووکبوون و سووکایەتی و ژیانی کۆڵەمەرگییە! یان دڵ هەڵکەندن لەو زێد و ئاو و خاکەیە مرۆڤ فرچگی پێوە دەگرێ و هەردەم یاد و بیرەوەرییەکانی لە سەر توێی یادە شیرینیەکانی تاک مەییون و هیچ ڕووشان و شوخت و سووتانێک لە داڵانەکانی بیرەوەری دایناکرێنێ! یان نا کۆچ ڕێگەیەکە بۆ دۆزینەوە و بنیاتنانی داهاتویەکی گەش و بێگەرد، ڕێچکەیەکە بۆ سەربەست بوون لە کۆت و بەندی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و گەیشتن بە سنووری ئازادی!؟

شەپۆلی بەربەرینی کۆچی هەزاران سەرهەڵگرتووی، ماڵ و حاڵ شێواوی ڕۆژهەڵاتی و ئەفریقایی، بە هیوای بینینی ڕۆژێکی خۆش لە ژیان‌دا و لانی‌کەم بنیاتنانی داهاتوویەکی بێ قرە و برە، بۆ وەچە و منداڵانیان؛ باریکەڕێیەکی لە ڕۆژهەڵات ناڤینەوە بەرەو ئەوپەڕی ئوورووپا، باریکەڕێیەکی پڕ لە پشووسواری بە تەوێڵی مێژوی هاوچەرخی مرۆڤاتییەوە کێشاوە؛ باریکەڕێیەکی هێند تەنگ و کەلەبەر، کە هەزاران ژن و منداڵ، پیر و گەنج تێیدا پشوویان لێ بڕا، باریکەڕێیەکی هەروا بە پانایی هەموو ڕێگە و جادەکانی جیهان، باریکەڕێیەک بۆ غەنی بوونی هەندێک بازرگانی ویژدان، کوێرەڕێیەکی بێ ڕەزا، بێ بەزەیی، هەر هەنگاوێکی ئەم ڕێگەیە شەڕە دەگەڵ هەموو ئەو مۆتەکانەی ژیانیان لەو کۆمەڵە خەڵکە قوربانییە تاڵ کردوە. ئەو هەنگاوانەی، نێوشەقاوی بەرەو مەرگ و نەمانە و، نێوشەقاویشی بەرەو هێوایەکی لێڵ و تەمومژاوی نادیار.

ئایا بە ڕاستی هۆکاری ئەم لێشاوە کۆچ بەرەو هەندەران چییە؟ بەرپرساریەتی وڵاتانی جیهان و بە تایبەت و وڵاتانی کۆچەرگر دەبێ لەو پێناوەدا چی بێ؟ ڕێگەچارەی ئەم سونامییە بەدەست کێیە و چۆناوچۆنن؟

ئەم جێگۆڕکێ جوگرافییە زەرەر و زیان و قازانجەکانی کێ دەگرێتەوە و بە دەیان و سەدان پرسیاری دی دە مێشکی ئەو کەسانەدا جمەی دێ کە بینەری تەرمی بێ‌نازی بێ‌دایک و باوکی ئەو منداڵانەن بە دەم ئاودا دراون، بینەری تەرمی بە سەریەکدا کەوتووی نێو کانتینەر و ڕەقهەڵاتووی نێو دارستان و لێرەوارە چڕوپڕەکانن، بینەری دۆشداماوی ئەو گەنج و لاوانەی بۆ پەڕینەوە لە تێل‌دڕوو و بەزاندنی هێڵێک زمانی نزاو پاڕانەوە بۆ کەسنەدیو و کەس‌نەناسان پان دەکەنەوە؟ ئایا حکوومەت و کۆمەڵگە و سیستمی ئەو وڵاتە دواکەوتووانە بۆتە هۆ ئەوەی ئەو خەڵکە ملی ڕێگەی نادیاری بگرنەبەر؟ ئایا ئاکامی سیاسەتی بەرژەوەندیخوازانەی زلهێزانی جیهانە لە پێناو ئاوەدان کردنەوەی کۆشکی خۆیان کەپری هەژاران تێکدەدەن؟ لەم چەند دێرە نووسینە هەوڵ دەدرێ بە کورتی هەڵەکانی زلهێزانی جیهان و بەرژەوەندیخوازان، بەتایبەتیش ڕۆژاواییەکان لەو سۆنگەیەدا بخرێتە بەرباس.

دابەشینی وڵاتانی ڕۆهەڵاتی ناڤین و ئەفریقایی بە پێی هۆگان هاویشتن لە لایەن ولاتانی کۆلۆنیالیستییەوە بەبێ ڕەچاوی هیچ پێوەرێکی ئاوەزمەندانە و تەنیا لەسەر بناخەی پاراستنی بەرژەوەندی خۆیان، ڕووبارێکی خوێنی بێ‌پسانەوە، شەڕ و کێشەیەکی هەمیشەیی، کۆچ و هەڵاتن و گرتن و، قەڵاچۆ و نائارامییەکی هەمیشەیی بۆ ئەم وڵاتانە و تارادەیەکی زۆر کەمیش بۆ خودی ئەربابە کۆنەکان لێکەوتۆتەوە، دیارە مەبەستی سەرەکی و کۆتایی ئەو کۆنە ئەربابانەش هەر ئەم دۆخ و کەشە سامناکە هەمیشەییە بووە، هەتا چۆڕایی تەڕ لە دەمار و خوێنی ئەو ناوچەیەی جیهان هەڵچۆڕینن و لە پێناو چراخان‌کردنی کۆشکەکانیان، خانووچکەی مرۆڤی بەستەزمانی ئەودیوی ئاوەکان کاول بکەن. پاش پێکدادانە گەورەکانی نێوان جەمسەرە دەسەڵاتدارەکانی جیهان و دەگەڵ ئەویشدا دیاری کردنی چارەنووسی پڕ لە نەگبەتی بۆ هەندێک گەلی دواکەوتوو و سووتان و کۆڵەواربوونی خەڵک و گەلێکی زۆر بەهۆی بەرژەوەندیخوازی و زلهێزەکانەوە، ڕکەبەریی دوو بەرەی جیهانی بە ڕێبەرایەتی ئەمریکا و یەکێتی سۆڤییەتی جاران، بووە هۆی ئەوەی ئەو دوو بەرەیە بە دژی یەکتر لە چوارقوڕنەی جیهاندا دەست بکەن بە پێکهێنانی دەسەڵاتی سەرەڕۆ و دیکتاتۆر؛ هەتا پشتێندە و بەرگێرەوە لە دژی پەرەی بیر و ئایدیۆلۆژیای جەمسەرەکەی دیکە دابنێن. ئەو نەریتە بەدەیان دیکتاتۆری بەرهەم هێنا، کە تەنانەت دوای ڕووخانی بەرەی سۆڤییەت و کۆتایی هاتنی شەڕی ساردیش، وەک ملۆزم بە سەر خەڵکی وڵاتەکانیاندا مانەوە و هەر ئێستاش ئاکامی زۆربەی ئەو بێ‌سەرەبەرییانەی جیهان، فەرهەنگی بەجێماوی ئەم چەشنە دەسەڵاتانەن. شۆڕبوونەوەی ئەو چەشنە سیاسەتە تا سەر ئێسک بەرژەوەندیخوازانەیە هەتا ئێستاشی دەگەڵبێ، لە لایەن بەرژەوەندیخوازانەوە دەرهەق بە وڵاتانی دیکە و بە تایبەت ئەو ولاتانەی خاوەن سەرچاوەی ژێرزەوی بە پیت و بەرکەتن بەردەوامە و هەر سەردەمی بە



١٠

# چما شەڕ؟



عەزیز مەعرووفی

٢٢ی تەموز، لە پرسوس سەر بە شاری عورفا، تەقینەوەیەکی بەهێز لە نێو ئەنجوومەنی لاوانی سۆسیالسیت دا، ٣٢ قوربانی ئەستاند. ئەنجوومەنی ناوبراو خەریکی چوون بۆ کۆبانی لە ڕۆژئاوای کوردستان و بەرهەمهێنانی فیلمێکی دۆکومێنتاری لە سەر وێرانەکانی ئەو شارە بوون. وەک بکەری ئەو کردوە ترۆریستییە پەنجەی تۆمەت بۆ گرووپی ترۆریستی داعش ڕاکێشراوە، گرووپێک کە دەرفەتی تەراتێنی لەو دیو و ئەو دیوی سنووری نێوان تورکیە و ڕۆژئاوای کوردستانی بە ئاسانی بۆ ڕەخساوە. چەند کاتژمێر پاش ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە، لە ئاکامی ئۆپەراسیۆن و گەڕانی سوپای تورکیە لە گریلاکانی پەکەکە، سەربازێک دەکوژرێ. بەرەبەیانی ٢٤ی تەموز، واتە دوو ڕۆژ پاش ئەو کارەساتە، تەرمی بێ گیانی دوو پۆلیسی تورک، دۆزرایەوە. پەکەکە، کوژرانی دوو پۆلیسەکەی وە ئەستوو گرت. پاساوی پەکەکە ئەوە بوو دوو پۆلیسەکە هاوکاریی داعشیان کردوە. کوشتنی دوو پۆلیس و – ئەوەش لە تەم و مژ دایە و جێی گومانە- لەویش خەراپتر وە ئەستۆ گرتنەکەی، بوو بە دەرفەتێکی زێڕن و پاساوێکی بەهێز لە دەستی ئەردۆغان و دەوڵەکەتەی تاکو جارێکی دیکە و سەر لە نوێ دێوەزمەی شەڕێکی ماڵوێرانکەر بە سەر باکوری کوردستان دا بسپێتەوە.

پانتایی هێرشەکانی تورکیە و شەڕەکە لە تەواوەتی خۆیدا، کات و سات و لەوانەش گرینگتر ئامانجی شەڕەکە جێگای لێ وردبوونەوەن؛ یەکەم، نوکی هێرشی فرۆکە بۆمب هاوێژەکانی تورکیە بۆ سەر بنکەکانی پەکەکە ڕاست ڕووی دەو شوێنانە دابووە کە لە باشوری کوردستان هەڵکەوتوون، هاوکات شەڕ و ئاڵۆزی خۆی کێشاوەتە بەشێکی بەرچاوی نێو شارەکانی باکوری کوردستان و شەڕی نێوان ڕێکخستنەکانی پەکەکە و هێزەکانی دەوڵەتیی کۆڵان و گەڕەکی شارەکانی گرتۆتەوە، دووهەم، ئەو شەڕە دوای نیزیک سێ ساڵ لە ئاگربڕ و پرۆسەی نیوەچڵی ئیمڕاڵی – ئانکارا و پاش شکستی پارتەکەی ئەردۆغان، ئاکەپە، لە هەڵبژرادنی ٧ی حوزەیران و پاش دوو حەوتوو لە دەسپێکردنی دانووستانی چوار لایەنی براوەی هەڵبژاردنەکان بۆ پێکهێنانی حکوومەتی هاوپەیمانی، هەڵگیرساوە، سێهەم، ئامانجی شەڕەکە کە بۆ سیاسەتی سەرکوت و شەڕخوازنەی دەوڵەتی تورکیە، سەرۆک کۆمار و پارتی ناوبراو دەگەڕێتەوە، ویستوویەتی دوو ئامانج بپێکێ؛ یەکەم، بەستێن بۆ هەڵبژاردنەوەی پێشوەختە خۆش بکات و بە هەر نرخێک بێ ئاکەپە بتوانێ حکوومەت بە تاقی تەنیا بگریتە دەست، دووهەم، خەباتی سیاسی کورد، تووشی سەر لێ شێواوی بکات و شکستی بدات. سەرئەنجام هێرش و پێکدادانەکان ئەگەر بە ڕواڵەت لە ژێر نێوی شەڕی داعشن، لە ڕاستی دا لە ژێر نێوی شەڕی ڕواڵەتی داعش، شەڕبۆ سەر کورد و ماف و دەسکەوتەکانێتی.

لە ئاکامی ئەو شەڕ و تێکهەڵچوونانەدا، دەوڵەتی تورکیە سەدان چالاکی سیاسی و بەڕێوەبەری هەدەپەی ڕاپێچی گرتووخانەکان کردوە، چەندین سەرۆک شارەوانی پارتی هەرێمەکانی دێموکراتیک ( دەبەپە)ی بەو بۆنەوە گرتوون، جیا لە قوربانی خەڵکی بێ تاوان لە باشوور کوردستان زیاتر لە ٢٠ خەڵکی سڤیل لە کوردستانی باکوور گیانیان لە دەست داوە، دەوڵەتی تورکیە وەک نەریتی باو گیانی لە منداڵی پشتی سەر لانک و تەنانەت ژنی دوو گیانیش ئەستاندوە، خەڵکێکی زۆر لە ماڵ و هێلانەی خۆیان هەڵقەندراون، کوردستان بە هێزێکی زۆری شەڕکەر، کەرەستەی تۆکمە و تەیاری نیزامی ئاخنراوە و باری نائاسایی لە زۆر شار و ناوچە خەریکە ببیتە بە تابلۆیەکی ڕاستەقینە.

بە درێژایی دوو ساڵ و نیوی پرۆسەی ئیمڕاڵی- ئانکارا، ئەگەر جار و بار لێرە و لەوێ شەڕ و تێکهەڵچوونێک دەهاتە پێش و سەربازێکی تورک گیانی لە دەست دەدا یان گریلایەک شەهید دەبوو، مەسەلەکە درێژەی پێ نەدەرا و بەردی لە سەر دادەنرا، چونکە؛ دەوڵەتی تورکیە پرۆسەکەی بە غەنیمەتێکی کەم وێنە بۆ لە خشتە بردنی کورد دادەنا و خەونەکانی ئەردۆغان لە لایەک و لە خوار بوون و نارِوونیی داواکانی بەڕێز ئۆجەلان لە لایەکی دیکە نەیدەهێشت پڕۆسەکە تووشی شکان و نسکۆ بێ. لە بەرامبەردا، دەوڵەتی تورکیە لە بەرامبەر کشانەوەی هێزەکانی پەکەکە- کە دەوڵەت نەیهێشت بە ئاکام بگات و بە نێوە چڵی چۆ پێش- لە خاکی باکووری کوردستان، بەردەوام جێگە و پێگەی سەربازییەکەی لە کوردستان قایمتر دەکرد، بەنداوی لێ دەدان کە پەکەکە پێی وایە دەبنە هۆی بەرتەسک کردنەوەی هات و چۆی هێزەکانیی، هەر بۆیە جیا لە هۆ و ئامانجانەی لە سەرەوە قامکمان خستنە سەر هۆکار و هەڵگیرسانەوەی شەڕ و پێکدادنەکان زۆر لەوە قووڵترن بتوانین بە نووسێنکی کورت پێی ڕابگەین. کەواتە، جیا لەوەی باوەڕ و مەتمانە بە دەوڵەتی تورکیە لەو پرۆسەیەدا لە خۆ فریو دان زیاتر نەبووە



**شەڕێک کە ئەردۆغان خوازیاری بێ و مەترسی سوریەیی بوون لە باکووری کوردستان بکرێ، شەڕێکی سەپێنراو کە لە ئەگەری پەرەگرتن و لە گرێژنە چوونیی دا هیچ هێزێک نەتوانێ پێشی پێ بگرێ، ئەشێ بە شمشێری داموکلیس بۆ سەر ملی تورکیە و زەبری قورس بۆسەر باکوری کوردستان چاوی لێ بکەین**

و نییە و ئەو دەوڵەتە هەرگیز باوەڕی بە چارەسەری سیاسیانەی کێشەی کورد نییە، دەبیتە ئەوپەڕی ساویلکەیی ئەگەر هەرچی پەکەکە کردی و گوتی ئافەرینی بۆ بنێرین. لە پاڵ ئەو ڕاستییە دەبێ بێژین، سیاسەتی سەرکوت، تواندنەوە، گرتن و تۆقاندن، کوشتن و شاڵاو و بڕین و خەراپییەکانی دەوڵەتی تورکیە، ئەوەندە دەرفەتەی بۆ نەهێشتووینەتەوە بتوانین بپڕژێینە سەر هەڵە و کەم و کوڕییەکانی خەباتی باکووری کوردستان بە پەکەکە، هەدەپە و خودی بەڕێز ئۆجەلانیشەوە. خۆ ناکرێ دەوڵەتی تورکیە مادام شەڕ و تێکهەڵچوون دەخوازێ، کورد ئۆباڵی بۆ بکێشێ و لە ژوورە تاریکەکانی ئیمڕاڵێ ئەوەی دەگوترێ و ڕادەبرێ ئەرخەیان بین.

پەکەکە، ئازادی کوردستان لە گوللە دا دەبینێ. هەدەپە، ئەوەندە بەرە و ناوەند بوون ڕۆیشتوە کە بڵێ ئێمە تورکیەین و تورکیەش ئێمەیەن. بەڕێز ئۆجەلان بێ ئەوەی وشەی کورد و کوردستان بهێنێ و بێ ئەوەی داوایەکی ڕووک و ڕوونی لە دەوڵەت دارانی تورک هەبێ خۆی بە تەوەری تێکڕای کێشەی کورد دادەنێ، ئەوە بۆتە هۆی ئەوەی هەر سێ لایەن لانی کەم ڕێگەی گەڕانەوەیان ئاستەم بێ. لە دۆخێکی وا دایە، تیری شەڕخوازنەی دەوڵەتیی نیشانەکە دەئەنگێوێ و مەترسی هەمە جۆر بکەوێتە سەر کوردستان.

وەک لە سەرەوە کوتمان، شەڕ و پێکدانان خۆی کێشاوەتە هێندێک شار و ناوچەی کوردستان. لە جەزیرە، شەمزینان، ڤارتۆ، سیلوان، گەوەڕ... پەکەکە خۆسەری دێموکراتی ڕاگەیاندوە، لە هێندێک گەڕەکی ئەو شارانە ڕێکخستنەکانیان چاڵ و کەندالیان هەڵقەندوون، هاوکات شەڕ و تێکهەڵچوون و باری نا ئاسایی بە سەر ئەو شار و ناوچانە دا زاڵ کراوە. لە گەڵ ئەوەی، خەباتی کورد لە باکوور خەباتێکی ڕەواو و بەرگری مەشرووعە بەرامبەر بەو زمانە کوشت و بڕەی دەوڵەتیی ، بەڵام بە سەرنجدان بەوەی خەباتە سیاسەکە ڕووی دە ناوەند بێ و ڕیبەری ئەو بزووتنەوەیە داواو ویستەکانی هێندە لە خوارێ بن، ئەو هەوڵە هەڵەپڕووزەی پەکەکە بە دوور نییە ببیتە هۆی لێک پرینگانەوە و لە بەرامبەر یەکتر ڕاوەستانی سێ لایەنەکە.

شەڕێک کە ئەردۆغان خوازیاری بێ و مەترسی سوریەیی بوون لە باکووری کوردستان بکرێ، شەڕێکی سەپێنراو کە لە ئەگەری پەرەگرتن و لە گرێژنە چوونیی دا هیچ هێزێک نەتوانێ پێشی پێ بگرێ، ئەشێ بە شمشێری داموکلیس بۆ سەر ملی تورکیە و زەبری قورس بۆسەر باکوری کوردستان چاوی لێ بکەین. کەواتە؛ چما شەڕ؟ شەڕ و ئاڵۆزییەکانی تورکیە و باکووری کوردستان بەشێکە لە شەڕ و ئاڵۆزییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کە تورکیە دەمێکە تێیوە گلاوە، بەڵام هەرگیز کێشەی کورد لە باکوور بە شەڕ و وێرانی چارەسەر نابێ. باکووری کوردستان لە قۆناغی ئێستا بە خەباتی هەراوی نەتەوەیی چەندین میلیۆنی لە گۆڕەپانی شارەکان بە ئاکامی دڵخواز دەگات، شێوە خەباتێک کە ترسی زۆری لە دڵی ئەردۆغان و حاکمانی تورکیە دا دروست کردوە. شمشێری داموکلیس خەریکە کاری خۆی دەکات.



**لە ژمارەی ٦٥٩ دا لە ژێر وتاری؛ «هەدەپە و حکوومەتی هاوپەیمانیی»، دەرفەتی ٤٥ ڕۆژەی پێکهاتنی ئەو حکومەتە لە ڕۆژی هەڵبژادنەوە دانرابوو، کەچی ئەو دەرفەتە لە ٩ی تەمووز دەستی پێکرد و ٢٣ی ئاگوست بە بێ پێکهاتنی حکوومەتی هاوپەیمانی کۆتایی هات. بە بۆنەی ئەو هەڵەیە، داوای لێبوردن لە خوێنەرانی ڕۆژنامەی کو»ردستان» دەکەین.**

---

**درێژەی**

## سونامی کۆچ و هەڵە مێژووییەکانی زلهێزان

چەشنێک هەوڵی وردکردنەوەی چەکۆچۆڵی خۆیان و هەرزانکڕی مادەی خاوی ئەو وڵاتانە دەدەن. کۆچی بە هەزاران کەسی سووری و عێراقی و ئێرانی و ... لە ئەفریقاش مەراکێشی و ئەلجەزیری و لیبیایی و ... هتد، ئاکامی نەبوونی دیموکراسی، گەشەنەستەندووی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی و، دەسوەردانی دەرەکی، پشتیوانی بێجێی هەندێک وڵات لە دەسەڵات دیکتاتۆرەکانیان و ....

وڵاتانی خۆشبژێوی دنیا لەپێناو ڕانەوەستانی دەستاری کەرتی پیشەسازییەکانیاندا، لەپێناو فرۆشتنی چەکوچۆڵ و بەرهەمی کارگە و شتومەک و کەلوپەلە سازکراوەکانیان، ئاوری شەڕێکیان خۆش کرد کە داوێنی خۆشیانی گرتەوە. زلهێزان و دەسڕۆیشتووانی جیهان بێ ئاگا لەوەی هەر ڕووداوێک لەو سووچی دنیا کاریگەریی لەسەر ئەوپەری جیهان دەبێ؛ بەهۆی بەرچاوتەنگی و چاوچنووکی ئابووری و هێژمۆنیخوازییەوە، سەرهەڵدانی دیموکراسیخوازانەی گەلانی سووریەیان کرد بە قەیرانێک، بۆ تواندنەوە و فرۆشی چەکوچۆڵ و هەستاندنەوەی ئەو بارە ئابوورییە نالەبارەی چەند ساڵێکە لە واڵئیستریتەوە بەرۆکی گرتوونەتەوە. سپاردنی هەندێک وڵاتی ناسەقامگیری وەک ئەفغانستان و عێراق بە هێزە ناوچەییە سەرەڕۆکانی وەک ئێران، ڕقەبەریی ناوچەیی ئەو حکوومەت و ڕێژیمە دیکتاتۆرانەی پاشماوەی پشتیوانی و هەڵەی جەمسەرەکانی جیهانن، بە چەشنێک ژیانیان لە خەڵک و بەتایبەت ئەو گەلە بێ دەوڵەتانەی وەک گەلی کورد کە هەر لە پێناو بەرژوەندی خۆیان و بە پێی هۆگان کێشان دابەشی چەند وڵاتی بێسەرەوبەرە کراون، هەندەی دیکە بواریان بۆ هەڵاتن لەو ناوچە تووک لێکراوە خۆش کردوە. دەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش) کە زیاترین هێدمە و زیانی بۆ گەلی کورد لە باشوور و ڕۆژاوا هەبووە، ئەمریکا و زلهیزە هاوپەیمان و دژەکانی توورەکەیان بۆ هەڵدوریبوو کە بە چەند ساڵی دیکە ئەو ڕێکخراوە، تێکەوەناپێچرێ، دیارە ئەم پرۆژەی چەندە ساڵ خایاندنەی قەیرانی داعش کە هەر ڕۆژە زیاتر پەل بۆ وڵاتانی دەورووبەر دەکێشێ، پرۆژەیەک کە لە دیوە تاریکەکانی ڕێکخراوە هەوالگرییەکانی ئەو وڵاتانەدا نەخشەی بۆ داڕێژراوە، هەتا هەرچی زیاتر بەرژەوەندی تەسکی یەکە سیاسییەکانی خۆیانی پێ دەوڵەمەند بکەن و دەگەڵ ئەوەشدا هێلنجی کۆمەڵگەکانی خۆیانیانی تێدا برِشێنن (ئەو کۆمەڵە خەڵکە تیرۆریستەی لە ڕۆژاواوە ڕوو دەکەنە داعش). چارەسەرنەکردنی کێشە هەڵاواسراوەکان و، یەکێکیش لەوان کێشەی کورد، قەیرانی سووریە، کێشەی فەلەستین، هەوسار شلکردنی بۆ ڕەوتە بنئاژۆخوازەکان لە ئەفریقا و ..... هەموویان هۆکارن بۆ ئەوەی خەڵکێک بۆ پاراستنی ژیانی خۆیان و منداڵانیان ڕێگەی هات و نەهاتی هەندەران بگرنە بەر و پەڕیوەی غەریبایەتییەک بن، کە دەرکەوتەکانی لە سەر ژیانی زۆربەیان وەک ئەوی تا ئێستا بینراوە، بەتایبەت بۆ کەسانی بەتەمەن و چیرتر دڵخۆشکەر نەبووە. هەتا سیستمە سیاسییەکانی جیهان بەم چەشنە بەرژەوەندیخوازانە و چاوچنووکانە بەڕێوە بچن و بەختەوەری خۆیان لە کۆستخستنی ئەوانی دیکەدا بینن و بە چاوێکی مرۆییانەتر سەرنجی خەم و ئازار و خواستی هەموو پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی جیهانی نەدرێتەوە، بەم جۆرە ئێستا دەیبینین، ئەم سیاسەتە پڕ لە فرتوفێڵانە، تفی سەربەراوژوورە و بەرووی ئەو کەسانەشدا دەگەڕێتەوە کە بۆ کەسانی دیکەی هەڵدەدەن.

ئەدەب و هونەر

کوردستان

ژمارە: ٦٦٣

١٦ی خەرمانانی ١٣٩٤

٧ی سێپتامبری ٢٠١٥

# ئەحمەدی قازی و کەڵکەڵەی زمان



رەهبەر مەحموودزادە

**ئەمن چاوم لە ڕێگاتە و بەهیواتم، بە شەوگاران**
**کە سایەی نێو لقوپۆپی «تەلاجن» ڕەنگی شەو دەگرێ**
**بەوەش ماتەم بەسەر ئاسۆی دڵی دڵداری تۆ دەکشێ**
**ئەمن چاوم لە ڕێگاتە**
**بە شەوگاران کە دۆڵی کپ وەکوو ماری سڕی نوستوون**
**لە کاتێکدا کە دەستی نەرمی لیلووپەڕ دەبەستێ قاچی سەروی کێو**
**لە بیرت بم، نەبم، من تۆم لەبیر ناچێتەوە هەرگیز**
**ئەمن چاوم لە ریگاتە (*)**


ڕەنگە بتوانین هەموو نووسەران بەسەر دوو دەستەی گشتیدا دابەش بکەین. دەستەی یەکەم بریتین لە هەموو ئەم نووسەرانەی کەڵکەڵەی سەرەکییان بۆ دەڤەرێکی واوەی زمان پەل دەهاوێژێ و دالغەیان خودی زمان نییە. بۆ نموونە کۆمەڵناسێک یان دەروونناسێک، زمان وەکوو کەرەستە بۆ شرۆڤە کردنی تیۆرییەکانی پێوەندیدار بە بواری لێکۆڵینەوەی خۆی بەکار دەهێنێ و ئەگەر هەستیارییەکیشی بە نیسبەتی زمانەوە هەبێ، ئەوا ئەم بەپەرۆش بوونە بەستراوەتەوە بەم دەرەتانانەی وا زمان بۆ لقە زانستییەکە دابینی دەکا. بەڵام دەستەی دووەم گشت ئەو نووسەرانە لەخۆی دەگرێ کە هەرچی بنووسن و لە هەر بوارێکدا چازان و شارەزا بن، دالغەکەیان لە پلەی یەکەمدا زمانە. ئەدیبان و زمانەوانان لەم دەستەیەدا جێگیر دەبن. ئەم نووسەرانەی لە دەستەی یەکەمدا جێگیر دەبن «لەناو» هەرێمی زماندا هەڵدەسووڕێن. بەڵام نووسەرانی دەستەی دووەم «لەسەر سنوورەکانی وڵاتی زمان»دا کار دەکەن و بەگشتی هەڵسووڕانیان لەپێناو پەرەپێدانی سنوورەکانی ئەم وڵاتە دایە. زمان بۆ ئەم نووسەرانە کەرەستە نییە بەڵکوو ئامانجە.

دەستەی دووەمی نووسەرانیش خۆیان بەسەر دوو لقی دیکەدا دابەش دەبن. ئەگەر باسەکەمان لە بواری نووسینی کوردیدا چڕ بکەینەوە، دەکرێ ئەم دوو لقە بەسەر دوو پۆلی «کوردیزانان» و «زمانەوانان»دا دابەش بکەین. وە نەبێ ئەوانەی کوردیزانن، ناچارەکی زانیارییان لە بواری زمانەوانیدا نەبێ و بەپێچەوانە زمانەوانە کوردەکان، کوردیزان و کوردینووسی چاک نەبن، بەڵام لە نووسینی نووسەراندا عادەتەن یەکێک لەم دوو لایەنە زیادتر زەق دەبێتەوە و شارەزایی‌ی نووسەر لەم لایەنەدا پتر دەخەملێ. لە ڕوانگەی نووسەری ئەم دێڕانەوە مامۆستایانێکی وەکوو هەژار وشوکر مستەفا «کوردیزان» بوون و نووسەرانێکی وەک تۆفیق وەهبی و مەسعوود محەممەد «زمانەوان» بوون.

مامۆستا ئەحمەد قازی لەو دەستە نووسەرانە بوو کە کەڵکەڵەی زمانیان هەبوو و لەسەر سنوورەکانی وڵاتی زماندا هەڵدەسووڕان و لەناو ئەم نووسەرانەشدا زیادتر بەلای زمانەوانەکاندا دەشکایەوە. مامۆستا لە دەلاقەی ڕێزمانەوە دەیڕوانییە زمان و ئەم ڕوانینە لە شێوازی تایبەتی نووسینیدا خۆیا دەبوو. شێوە نووسینی پتەو و پاراوی نووسەرانێکی وەک کاک ئەحمەد قازی، ساڵانێک بۆ کەسانی هاونەسلی نووسەری ئەم دێڕانە، لە دەورەی دارەدارە کردنی نووسینیاندا، وەکوو سەرچەشن چاوی لێکراوە.

کاک ئەحمەدی قازی لەسەردەمێکدا مشووری زمانی کوردی دەخوارد کە پێویستی‌ی بەستاندارد کردنی زمانی نووسین، زیادتر لەهەر چاخێکی دیکە خۆی دەنواند. یەکێک لە پێداویستییەکانی ئەم بەستاندارد کردنە ئەوە بوو کە لەپاڵ بەهێز کردنی زمانی ئەدەب، زمانی نووسین ڕەوان بکرێ و نووسینی ئاسایی لە سسڵە و پلپلەی ناپێویستی وەزن و سەجع دابماڵدرێ و شێوە زمانێک دابین بکرێ کە دەسەڵاتی بەسەر هەرێمەکانی فیکر و فەلسەفە و زانست دا بشکێ هەتا زمانی کوردی هەر بە تەنیا زمانی دەربڕینی رۆمانتیک نەبێ.

مامۆستا ئەحمەدی قازی یەکێکی دیکە لەو کەسایەتییە هەڵکەوتانە بوو کە شاری بەخشندەی مەهاباد بە کۆمەڵگای کوردستانی بەخشی و کاک ئەحمەدیش بە دڵاوایی‌یەوە بەهرەیەکی بەوەجی بە زمان و خەڵک و وڵاتەکەی بەخشی.



کوێرەڕێ خامۆشە، جەنگەڵ مۆڵی تێدا خستووە شەوگار
کازیوە بێهوودە سەرقاڵی پەلاماری شەوی زاڵە
دڕ بە شەو نادا، کەلێنی ناکەوێتێ شەو
لێرەدا پیاوێک بە ئەسپایی لە سووچێکا
بۆ هەواڵی خۆی دەکا باسی نەزیلێکی نهێنی‌ی ون.

(*)وەرگێڕدراوی شێعری «ترا من چشم در راهم شباهنگام» کە ئەحمەد قازی، وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی

ئەم نووسینە لە پەیجی نووسەر خۆی وەرگیراوە. بابەتەکە کاتی خۆی بە بۆنەی کۆچی دوایی نەمر ئەحمەدی قازی، نووسراوە. «کوردستان»

---

### چەند کورتە شێعرێکی شاعیری نەمر شێرکۆ بێکەس
### کە هەر دەڵێی بۆ ئەمڕۆی نووسیون
### پێشکەشە بە گیانی ئالان و هەموو ئەو منااڵانەی لە ریگای
### چوون بۆ وڵاتانی ئەمندا گیانیان لەدەست داوە

من ناهێڵم
ئەم گریانە هەرگیز ڕەنگی بچێتەوە
من ناهێڵم
ئەم مردنە ژیان بیری بچێتەوە
من ئەم زوڵمە
لەناو شووشەبەندی شیعرا
دائەنێم بۆ:
ئەو زارۆکەی
دوای چەند قەڕنێ دێت و ئەزێ و
لە ڕەحمی ئەم وڵاتەوە سەر دەردێنێ و
ئەلف و بێی چرا فێر ئەبێ و
ئەم غەدرە ئەخوێنێتەوە!

****

زەریای بەسام و کەشتییەک،
ڕەنگی نەهات،
هاژەی شەو و ڕەوە قرش و،مانگە شەوێکی ترساو و
«با»یەکی شێت،زەریای بەسام وکەشتییەک،
ڕەنگی نەهات،
لە خەون دوورتر کەنارە و
لە ڕەنگی ووڵاتیش دوورتر چراکانە و
ئەوەی نزیک بێ هەر بزەی سمێڵەکەی قاچاخچییە و
ئاوێکە شێت،
بەحری «ئیجە» و کەشتییەکی پیرەمێردو
فەرهادێک و شیرینێک و ڕەنگێکی شێت،
زەریای سامدار
کەشتییەکی سەرەونخون
ڕەنگێکی مۆن
هاژەی مەرگ و گەلەقرشێ
خەون بە زیندوویی ئەخۆن!

****

ئەوەتەی کۆچ هەیە، کۆچ ئەکەم !
ئەوەتەی گڕ هەیە، ئەسوتێم
ئەوەتەی ئاو هەیە، ئەخنکێم
ئەوەتەی تیغ هەیە، قوربانیم.
ئەوەتەی خاک هەیە، بێخاکم.
ئەوەتەی شاخ هەیە، من تلۆر دەبمەوە و
ئەوەتەی دار هەیە، لێ ئەدرێم !
من لە پێش «موسا»وە، ئاوارەم.
پێش «مەسیح»، من خاچم.
پێش « قورەیش»، من زیندە بە چاڵ و
پێش «حوسەین»، من سەری بڕاوم !.

شێرکۆ بێکەس

---

ژوانگەی خۆر

# چالاکانی هونەری لە بەر دەم پێناسە گەلێکی ئەمنییەتی



ئەرسەلان چەڵەبی

ڕۆژهەڵاتی کوردستان کۆنەوە تا ئێستا و بە تایبەتی ١٠ساڵی ڕابردوو بەردەوام مەکۆی چالاکییە ئەدەبی و هونەرییەکانە، بە دڵنیاییەوە هەر جم و جۆڵێکی هزری و ڕووناکبیریش لەو مەکۆیانەوە سەر هەڵدەدا. ئەو چالاکییانە بەردەوام تا دێ پان و بەرینتر دەبێتەوە و هەموو شارەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتۆتەوە، دیارە کە ئەو چالاکییانە لە ناو یەک چوارچێوەی تایبەت بەرتەسک نابێتەوە. لە هەموو بوارەکانی هونەر وەکوو: سینەما، ئەدەبیات، شانۆ، موزیک، شێوەکاری، پەیکەرەسازی و هتد، تەنانەت ڕێکخراوە ژینگەپارێزییەکان و ڕێکخراوە مەدەنییەکانی تریش هەموویان لە سەر یەک هێڵی هاوبەش هەنگاو دەنێن و کاریگەرییەکی ئەرینی و ڕاستەوخۆیان لە سەر شارستانییەت و بیری نوێ و مۆدێڕن هەیە.

ئەنجومەن ئەدەبییەکان، سەرچاوەیەکی گرینگ و تایبەتی ئەو چالاکیانەن و بەردەوام و بێ پسانەوە هەموو هەوڵ و ماندووبوونیکییان لە پێناو زمان و ئەدەب و کەلتووری نەتەوەکەیانە، واتە لە پێناو هیچ ئامانجێک یا خۆ ئیدۆئۆلۆژییەکی تایبەت دا نییە.

بەڵام بە داخەوە لە درێژەی ئەو ساڵانە تا ئێستا هەموو ئەو چالاکییانە پێناسەی ئەمنییەتی بۆ کراوە و هەر جارەی بە بیانوویک گوشاریان خستۆتە سەر ئەو بنکانە و دایان خستوون و بەریان بە چالاکییەکانیان گرتووە. تۆمەز دەبێ مەترسی کۆڕ و کۆبوونەوەیەکی ئەدەبی چ بێ کە دەسەڵات لێی تۆقیوە؟

ساڵانە بە دەیان کۆنسێرتی مۆسیقای کوردی، کۆڕی ڕێز گرتنی شاعیران و نووسەران، سێمینار و کۆنفڕانسە ئەدەبی و هونەرییەکان و دەیان کۆڕی تر پەک دەخاتەوە و بە بیانووی دروشم گەلیک وەکوو: « تیکدانای ئاسایشی نەتەوەیی و مەترسی بۆ ڕای گشتی» دەرگای زۆرینەی چالاکییە هونەری و ئەدەبییەکان قفڵ و گرێ دەدا.

پێش گرتن بە بەڕێوەچوونی کۆڕی ڕێز گرتن لە شاعیری ناسراوی کورد «جەلال مەلەکشا» لە شاری سنە بە بیانووی «ئەمنییەتی نەتەوەیی» لە بەرچاوترین کردەوەی ناحەز و دژە هونەر و ئەدەبیاتی کوردی بوو، کە هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی لەو پەڕی بێ چاو و ڕووییەوە چوونە بەر دەرگای شوێنی کۆڕەکە و هۆشدارییان دایە خەڵک شوینی بەڕێوەچوونی کۆڕەکە بەجی بێڵن و لەو لاشەوە نەیان هێشتبوو کە مامۆستا جەلال مەلەکشا لە ماڵەوە بێتە دەرێ.

ئەو جۆرە کردەوانەی کە کۆماری ئیسلامی بەرانبەر بە چالاکان و نووسەرانی کورد دەیکا هیچ پاساوێک هەڵناگرێ، بەڵکوو هەڵگری پەیامێکی سیاسی و نگریسە کە نزیک بە ٤٠ ساڵە هەر چەشنە جم و جۆڵ و چالاکییەکی ئەدەبی و هونەری لە کوردستان لە ژێر چەتری ئەمنییەتی دا پێناسە دەکاتەوە.

خالێکی تر کە جێی تێڕامانە و هێزە ئەمنییەکانی کۆماری ئیسلامی وەکوو پڕۆژەیەکی هەمیشەیی لەنگەریان لە سەر گرتووە، هەوڵ دان بە پێی پلان و بەرنامەی تایبەت بۆ دوور کردنەوەی چالاکە هونەرییەکانە لە ناوخۆی کوردستان. واتە کۆماری ئیسلامی ساڵانە بە دەیان نووسەر و هونەرمەند و چالاکی مەدەنی لە ژێر قورسایی ئەو پێناسە گەلە پەڕیوەی وڵاتانی تر دەکا هەتا بەو چەشنە زەبرێکی کاریگەر لە ڕەوتی چالاکییە هونەرییەکان لە کوردستان بدا.

بە دڵنیاییەوە هەموو ئەو چالاکییانە باسکی بەهێز و چارەنووس‌سازی نەتەوەیەکن کە لە ژێر چەتری زمان و فکری سیاسی دەوڵەتێکی دیکتاتۆر دایە. هەموو هەنگاوێک بۆ گەشەی زمان و ئەدەب و کەلتووری نەتەوەی کورد لەوێوە سەرچاوە دەگرێ، هەر بۆیە بە گرینگی دان بەو بابەتە پێویستە هەر تاکێکی کورد لە ناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا بەرهەڵستی ئەو پێناسە بێ‌بنەما و چەواشەکارانەی کۆماری ئیسلامی بێتەوە. بە دڵنیاییەوە ڕەوتی چالاکییە هونەرییەکان هیچ کات لە جووڵە ناکەوێ و بەردەوام لە زاو و زێ دادەبێ.

KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran

NO: 663 september 2015



ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com

info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com

www.kurdch.tv Hotbird:6 13 MHz 11137

polarization: horezental-SR: 27500 - FEc : 3/4

Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:

+9647508578190

Tashkilat.kdp92@gmail.com


بەر لە ماڵاوایی

## ئەو وێنەیەی دنیای هەژاند!



قادر وریا

«پێم وانەبوو ئەم وێنەیە تا ئەم ڕادەیە سەرنجی خەڵکی جیهان بۆ لای خۆی ڕابکێشێ.. سەرەڕای ئەو ئازارەی لە دیتنی تەرمی ئایلان هەستم پێ دەکرد، تەنیا شتێکی کە لەوساتەدا بە مێشکم دا دەهات ڕاگوێزتنی ئەو هەستە بۆ لای هەموو خەڵک بوو. بیرم لە شتێکی دیکە نەدەکردەوە. تەنیا شتێکی کە دەمەویست ئەوە بوو ئەم تراژیدیایە پیشان بدەم.»( ماڵپەڕی بی. بی. سی فارسی)

ئەمە بەشێک بوو لە قسەی نیلووفەر دەمیر، ئەو پەیامنێرە تورکەی ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو لە کاتی گەشت و گەڕان لە لێوارەکانی «بوودرووم» ی قەراخ دەریای ئێژە، چاوی بە تەرمی بێگیانی منداڵێکی دوو ساڵە کەوت کە لەپەڕوو کەوتبووە سەر خیزەڵانی لێواری دەریا و شەپۆلەکانی دەریا ناوبەناو بەسەری دەکشان. منداڵەکە، تیشێرتێکی سوورو شەڵوارێکی شینی لە بەردابوو و جووتێک پێڵاوی ڕەشی لە پێدابوو. نیلووفەر دەڵێ تازە کار لە کار ترازابوو، کارێکمان بە مەبەستی گەڕاندنەوەی ژیان بۆ ئەو منداڵە لە دەست نەدەهات. تەنیا کارێکی لەم کاتوساتە دا دەمتوانی بیکەم و کردم، ئامادەکردنی کامێراکەم و گرتنی وێنەی تەرمی ئەو منداڵە بوو تا بە ڕێگای نیشاندانی ئەم وێنانە، هاواری تەرمە بێ گیانەکەی بگەیەنمە جیهان.

لەم چەند دەیەی دوایی دا، هێندێک وێنە یا وێنەی هێندێک دیمەن بوون بە پێناسەی ژمارەیەک کارەسات. نازانم لە بەر ئەوەی خۆم کوردم و سەر بە نەتەوەی کوردم، زیاتر ئەو وێنە و ئەو دیمەنانەم لە بیرن کە بوون بەلۆگۆی لێقەومان و کارەساتبەسەرداهاتنی نەتەوەی کورد؟ یا کورد لە چاو نەتەوەکانی دیکە، لەم چەند دەیەی دوایی دا، لە لێقەومان و ڕۆژرەشیدا پشکی شێری بەرکەوتووە، بۆیە خاوەنی ئەلبۆمێکی ئەوەندە قەبەیە؟! وێنەی پێشەوا قازی محەممەدی سەرکۆماری کوردستان و هاوڕێیانی بە پەتی سێدارەوە، ئێعدامی بە کۆمەڵی لاوانی کورد لە فڕۆکەخانەی سنە لە خەرمانانی ۱۳۵۸، وێنەی جەستەی لەتوپەتکراوی کوژراوەکانی قەڵاچۆی دانیشتوانی قارنێ، وێنەی خەڵکی کیمیایی لێدراوی هەڵەبجە، وێنەی مەینەتییەکانی بەشدارانی کۆڕەوێکی میلیۆنی، وێنەی جەستەی لە خوێنداشەلاڵی د.قاسملوو و د.شەرەفکەندی لە ناوەندی پێتەختەکانی ئورووپا، وێنەی شارو گوندی خاپوورکراوی باشووری کوردستان، وێنەی پڕ لە حیکایەتی دڵتەزێنی ئیسکوپرووسکی ئەنفالکراوەکان، وێنەی ڕفاندنی ئوجەلان، وێنەی کوشتاری خەڵکی عەفرین و قامیشلوو بە دەست ڕێژیمی سووریا بە دوای شەهیدکرانی مەلامەعشووق، وێنەی کوشتاری بە کۆمەڵی کاروانچییەکانی ڕۆبسکی، وێنەی بە کۆمەڵ کوژران و کۆچی بە کۆمەڵی ئێزەدییەکان لە شەنگال، وێنەی تاوانە گەورەکەی ۱ی شوباتی هەولێر، وێنەی تاوانەکانی تیرۆریستانی داعش لە دژی خەڵکی باشوور و خۆراوای کوردستان، وێنەی داڕووخاندنی یەکە یەکەی ماڵ و بیناکانی کۆبانێ و گەمارۆدرانی لە لایەن داعش و ڕاوەستانی چاوبە فرمێسکانەی ژنان و مندالانی ئەو شارە لەو دیوی تەلبەندەکانی سنوور و... ! ئەم وێنانە لە چەشنی فیلمێک ئەو کارەساتانە دەگێڕنەوە کە لەم چەند دەیەی دواییدا بە سەر نەتەوەی کورد هاتوون. هەر کامیان ستەم و تاوانی دوژمنێکی ئەم نەتەوەیە لە بەشێکی کوردستان دەگێڕنەوە.

وێنەی ئایلان، کە ئێستا میدیاکانی جیهان وەک هێمای هەزاران مرۆڤی ڕاکردوولە جەهەننەمی شەڕ و توندوتیژی، وێرانی و دڕندەیی، دەمارگرژی و هەژاریی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری ڕۆژهەڵاتی نیوەڕاست بە کاری دێنن، بەر لە هەر واتایەکی دیکە، هەڵگر و هێمای مەزلوومیەتی نەتەوەی کوردە. نەتەوەیەک کە دەیەوێ ئازاد و سەربەست بژی، لە گەڵ ئاشتی و ئاوەدانی و پێکەوەژیان و وێکهەڵکردن و بایەخەکانی دنیای شارستانی و مودێڕن دایە و چاوی تەماحیشی نەبڕیوەتە خاکی هیچ نەتەوە و وڵاتێکی دیکە. نەتەوەیەک کە هەڕەشە نییە بۆ ئاشتی و ئاسایشی هیچ ناوچەیەکی جیهان. بەڵام لێی ناگەڕێن لە سەر خاکەکەی، دنیایەک لە ڕەنگی هیوا و خەونە لە مێژینەکانی خۆی و گونجاو لە ڕۆحی ئەم سەردەمە بنیات بنێ.


بەڵێ ڕاستە لەم ڕۆژهەڵاتی ناوەراستە، ئەوە هەر کورد نییە لە گەڵ شەڕ و توندڕەوی و بێمافی بەرەوڕوویە. ئەوەش هەر ڕاستە کە تاکەکان لەم سەردەمە دا خەڵکی هەر وڵاتێک بن و لە هەر شوێنێکی جیهان بژین، ئەمنیەت و ئاشتی و ئازادی و ئاسوودەییان دەوێ و ئەگەر ئەمانەیان لە وڵات و کۆمەڵی خۆیان دا شک نەبرد، لە شوێنەکانی دیکەی جیهان بە دوایان دا دەگەڕێن. کوردەکان لە بەشی زۆری نیشتمانی خۆیان دا، وێڕای ئەم نەبوونیانە، لە گەڵ دەردی بێ کیانی و زۆر کێشە و کارەساتی سەرچاوەگرتوو لە بندەستیی نەتەوەیی بەرەوڕوون. هەر ئەمەشە وای کردوە کۆچ و ڕەو لە نێو کوردانیش دا بە شێوەیەکی جێگای نیگەرانی پەرە بستێنێ.

وێنەی ئایلان، بێگومان سۆزی مرۆڤایەتیی بۆ لای لافاوی ئەو ئینسانانە ڕاکێشاوە کە بە ڕێگای دەریا و وشکانی و بە نێو مەترسیی جۆراوجۆر دا لە وڵاتانی ناوچەی ئێمەوە، سەری خۆیان بەرەو ئورووپا هەڵگرتوە. ئێستا ئورووپا لە گەڵ قەیرانی هاتنی شاڵاوی کۆچبەران بەرەوڕوویە و لە بەرەکەتی میدیاکانەوە، لەوانەیە وێنەی مەینەتییەکانی کۆچبەران وەک وێنەکەی ئایلان، کار بکاتە سەر سیاسەت و هەڵوێستی وڵاتانی ئورووپایی لە ئاست کۆچبەران. ئەم ئاڵوگۆڕە، ئەگەر هاندانی کۆچکردن بەرەو ئورووپاشی لێ بکەوێتەوە، هەرجێگای پێزانین و دلخۆشییە. بەڵام هاسانکاری لە وەرگرتنی کۆچبەران و حاواندنەوەیان لە ئورووپا و وڵاتانی دیکە کە لە ئێستا دا کارێکی پێویستە، ڕێگر نابێ لە دووپاتبوونەوەی شەپۆلی کۆچ لە وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقا بەرەو ڕۆژاوا. هەتا ئەو کاتەی لەم ناوچانەش تاکەکان نەبن بە خاوەنی ئەو ئەمنیەت و ئاسایش و ئاسوودەییە کە مرۆڤەکان لە کۆمەڵگە ڕۆژاواییەکان وەدەستیان هێناون، کۆچ و کۆچبەری بەرەو ڕۆژاوا درێژەی دەبێ. ڕۆژاوا و جیهان ئەگەر دەیانەوێ چارەسەرێکی بنگەهی بۆ کێشە وقەیرانی کۆچبەران بدۆزنەوە، دەبێ لە دابینکردنی ئاشتی ،ئازادی ، ئاوەدانی ، ئاسوودەیی و ستانداردەکانی ژیانێکی ئەمڕۆیی دا، پشتیوان و یارمەتیدەری خەڵکی وڵاتانی ئەو بەشە بەڵاڵیدراوەی جیهان بن .

## ئەو وێنەیەی دنیای هەژاند!



## ڕێگە لە بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ڕێزگرتن لە جەلال مەلەکشا گیرا





حەوتووی ڕابردوو لە شاری سنە ڕێورەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە شاعیر جەلال مەلەکشا شاعیری ناسراوی کورد پێک هاتبوو، بەڵام لە لایەن پۆلیسەوە ڕێگە لە مەراسمەکە مەلەکشا گیرا. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە بە سەدان کەس ڕوویان لە شوێنی دیاریکراو کردبوو. وایان بە خەڵک ڕاگەیاندبوو کە هۆکارەکەی نائەمنی و ئەگەری تەقینەوە لە گۆڕێدایە.

ڕێگرتن لە مەراسیمی ڕێزگرتن لە جەلال مەلەکشا لە کاتێکدا بوو کە سەعاتێک پێش دەستپێکردنی بەرنامەکە بووە و بە دەیان پۆلیسی دژە شۆرش ڕژابوونە شوێنی مەراسیمەکەو نەیاندەهیشت خەڵک بچێنە نێو سالۆنەکەو داوایان لێدەکرا شوێنەکە بە جێ بێڵن.

جەلالی مەلەکشا لەو پێوەندییەدا گوتی: پێیان وتم لە ماڵەوە بەو مەیەدەرێ، ئەوە لە ماڵەوەم!

بە پێی زانیارییەکان حەوتوویەک پێشتر وەزارەتی ئیتلاعات ژمارە یەک لە کەسانی ناسراوی بەشداربووی ڕێوڕەسمی بانگ کردبوو کە نابێ بەشداریی ئەو مەراسیمە بن. هاوکات پێش دەستپێکردنی مەراسیمەکەش هەڕەشەیان لە جەلال مەلەکشا کردوە کە نابێ لە ماڵ بێتە دەرو بەشداریی مەراسیمەکە بکات.

مەلەکشا گوتی پێیان گوتم لە ماڵەوە مەیە دەرێ، ئەوە لە ماڵەوەم»!

گوتیشی ڕێژم بۆ هەموو ئەو خەڵکە هەیە کە بە منەوە ماندوو بوونو سەربەرزو دڵگەرمم پێیانەوە.

## ڕێگری لە فرۆشرانی کتێبێکی کوردیی نووسەرێکی کوردی خۆراسان کرا

لە شاری ورمێ ڕێگری لە بڵاوبوونەوە و فرۆشرانی کتێبی «باغچەی سەروها» کرا.




بەپێی ڕاپۆرتی ماف نیوز، پاش ئەوەی کە نەقدعەلی عەلەوی فەرد، نووسەری کتێبی کوردیو فارسیی «باغچەی سەروها»و بڵاوکراوەکانی پێوەندیدار بە خۆراسانی باکوور بەدوای فرۆشتنو بڵاوکردنەوەی ئەم کتێبە لە ورمێ بوو، ئیدارەی فەرهەنگو ئیرشادی ئیسلامیی ورمێ، هەڕەشەی لە کتێب فرۆشییەکانی ئەم شارە کردووە کە بە هیچ شێوەیەک بۆیان نییە ئەم کتێبە بفرۆشن.

ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی هەڕەشەی ئەوەی لە بڵاوکەرەوەکانی کتێب لە ورمێ کردووە کە لە ئەگەری فرۆشتنی بێ مۆڵەتی ئەم کتێبە لە ئاستی شاری ورمێدا، مۆڵەتی بڵاو کردنەوەو فرۆشتنی کتێبیان لێ دەستێندرێتەوە.

ئەم کتێبە ۳۳۰ لاپەڕەییە کە ناوە کوردییەکەی «باخچەیا مەرەخان»ە، لەبارەی گوندی مێژوویی «باغچق» لە دەوروبەری شاری بۆجنوورد لە پارێزگای خۆراسانی باکوور نووسراوەو لە لایەن بڵاوکەرەوەی «عەموو عەلەوی»یەوە بۆ بازاڕی کتێب نێردراوە.

لەم کتێبەدا، باس لە پێشینەی مێژوویی کوردەکانی خۆراسان، حەشیمەت، زمان، ئایینو دابو نەریتو پێکهاتەی نەتەوەیی ئەوان کراوە.

شایانی باسە کە کوردەکانی خۆراسان لە نزیکەی ۵۰۰ ساڵ لەمەوبەرەوە لە ۳ قۆناغی مێژوویی‌دا، لە شارەکانی باکووری پارێزگای ورمێ ڕا ناچار بە کۆچی زۆرەملێ بۆ ئەم ناوچانە کراونو لە حکوومەتە جۆراجۆرەکاندا، ڕێگری لە پێوەندی گرتنیان بە کوردەکانی ورمێ کراوە.